رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپو بلاو کردنەوەی
کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

بغداد - شارع الجمهورية - ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

هاوکاری

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

(٨) لاپەڕە
نرخی
(٢٥) فلسە
لە (دارالحرية)
چاپ ئەکرێ

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

ژمارە (٢٢٧) ٢٦-٧-١٩٧٤

مامۆستا صدام حسین پێشوازی بالیۆزی میسری کرد

مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش پێش نیوەڕۆی ٢٤-٧ لە بارەگاکەیاندا لە ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازی کاك عبدالمنعم نجار بالیوزی میسر لە بەغدایان کرد • لە دیدەنیەکەشدا کە نیو سەعاتی خایاند باسی پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەتیان کرد •

ئاەدع

پێك هێنانی ئەنجومەنێکی عەسکەری لە ئەنگۆلا

مەسەلەی «قبرص» گەیشتە کوێ؟!

محمد احمد

ئەمەریکا ولاتی ١٠٠ هەزار ملیۆنێرو "٢٧" ملیۆن برسی و بێ کارە !

ئیمپریالیزمی ئەمەریکا کە دەوڵەتێکە لە دەوڵەتە گەورەکانی دنیا بەهۆی ئەو شەڕو جەردەیی‌یەی لە ولاتانی تر ئەیکاتو بەهۆی جەوهەری ڕێژیمەکەی چەندین ناکۆکی گەورە تەنگی پێ هەڵچنیوەو لەژێر باری قورسیدا ئەناڵێنی •• وە ماوەیەك لە مەوبەر دوای سەرژماردنێکی گشتی ئابوری چەند ڕاستیەك دەربارەی هەرەس هێنانی ئەو دەوڵەتە گەورەیە بڵاوکرایەوە کە ڕاستی وحەقیقەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو کۆمەڵگای ئەمەریکا دەرئەخات •

بەپێی ڕاپۆرتەکە نزیکەی ١٠٠ هەزار ملیونێر لە ئەمەریکادا هەیەو جورە ژیانێك ئەژین کە زۆر لە خەیاڵ ئەچێ •• لەبەرامبەر ئەم ملیونێرانەشدا (٢٧) ملیون کەس لە ئەمەریکا چوار وەرزی ساڵ برسێتی‌و بێ‌ئیشی‌و نەخۆشی‌و دەست کورتی وەکو خێو کەلبەی لەگیانیان گیر کردەوەو بەکولە مەرگی ئەژین •

وەڕاپۆرتێکی ڕەسمی ئەنجومەنی سەنای ئەمەریکا کە لەم دواییەدا ئامادە کراوە بەئاشکر پێی لێ‌ناوە کە گوایە (١٣٪ی خەڵکی ئەمەریکا لە ژیانێکی کولەمەرگی دائەژین‌و هوای چاککردنی ئەو ژیانەیان ناکرێت !) •

جگە لەمەش باج‌و ڕەسم ئەوەندەی تر گوزەرانی ڕەنجبەرو کرێکارو چینە دەست کورتە کانی تری خۆش کردوەو نەخۆشی‌و نەخوێندەواری‌و مردنی منالی ساوا لەگەڕەکی هەژارەکاندا بەیەگجاری تەشەنەی کردوە • جا بۆیە سوسیولوجستی بەناوبانگی فەرەنسایی دەربارەی باری کۆمەلایەتی ئەمەریکا ئەڵێ : هەموو ڕۆژێ دەوڵەمەندەکان هەژاری تازە دروست ئەکەن •

پێك هێنانی ئەنجومەنێکی عەسکەری لە ئەنگۆلادا

لشبۆنە : ئاژانسەکان: دوای ئەو شێواوی‌و ئاژاوەیەی کە هەفتەی ڕابوردوو لە- مستعمرە -ی ئەنگولا بەرپابوو ، وە نزیکەی ٤٣ کەسی بێ‌تاوانی تێدا کوژرا ، ئەنجومەنی پاراستنی نیشتمانی پورتوگال بڕیاری‌دا کە ئەنجومەنێکی عەسکەری پێك بهێنێت بۆ حوکم کردن‌و ڕاپەڕاندنی کاروباری بەڕیوەبردنی ئەنگولا •

وەبەیاننامەیەکی ئەنجومەنی ناوبراو کەڕۆژی ٢٣-٧ لە لشبونە بڵاوکرایەوە وتی : بەم زووانە دەزگاکانی سیاسی وبەڕیوەبردنی ئەنگولا دەسکاری ئەکرێ‌و شیوەو ڕواڵەتیان ئەگۆڕدرێ • ئەوەی شایانی باسە ماوەیەك لەمەوبەر جەنەرال سیلفینو سلفیریو مارکوس ، فەرماندەی گشتی ئەنگولا بانگرکرایەوە بۆ پورتوگال بۆئەوەی لەگەڵیا دەربارەی پاشە ڕۆژی مستعمرەکە بدوێن •

ڕێژیمی حەبەشە چی بەسەر هات ؟!

تاوەکو ئێستا ولاتێ ڕێژیمی حەبەشە لەنێو هەراو هۆریاو گێژاوی سیاسی‌دا ئەژین‌و ڕۆژ نیە کە چەند ڕووداوێکی سەیری تیادا ڕوونەدات •• لەشکر بەئارە-

بڕوانە ل -٧-

نیقۆسیا : ئاژانسەکان :

وابوو بە ١١ ڕۆژ واتە لە ١٥-٧ تا وەکو ئیمڕۆ باری ناوخۆی دوورگەی قبرص‌و ڕووداوەکانی ،بوون بە بێئیشتە خۆشەی ژێر ددانی ئاژانسەکانی دەنگوباس‌و دەزگاکانی ڕاگەیاندن •

ئەوەبوو لە ١٥-٧ ڕادیوی نیقوسیا بڵاوی کردەوە کە پاسەوانی نیشتمانی دەستی بەسەرکاردا گرتوەو قەشە مەکاریوس لەسەرکار لابراوە • جا لەو ڕۆژەوە یەك لەدوای‌یەك ڕووداوی هەمە چەشنە ڕوئەدات‌و شەڕێکی ناوخۆ هەڵگیرساوەو لەولاشەوە نێوانی تورکیاو یۆنان تێك‌چوو ، وەتورکیا داوای‌کرد کە ئەگەر بۆ ماوەی ٤٨ سەعات ئەوە گیروگرفتە چارەسەر نەکرێ‌و باری قبرص نەگەڕێتەوە دۆخی جارانی ئەوا دەست ئەخاتە کاروباری ناوخۆی دوورگەکەوە

ئەوەبوو ڕۆژی ٢٠ - ٧ حکومەتی تورکیا لەڕێگای دەریاو ئاسمانەوە هێزێکی زۆری لەشکری گەیاندە یونان دەربەدەر ببوو • بەم دوورگەکەو شەڕێکی قورس پێیە دوای حەوت ساڵی ڕەبەق لەنێوان هێزی کودەتاچیەکان‌و ڕۆژی ٢٤-٧ جارێکی‌تر هێزی تورکیادا هەڵگیرسا • لەبەریتانیاش ڕاگەیەنرا کە ئەمەریکاو ولاتانی ڕۆژئاوا نەخشەی پرۆژەیەکیان کێشاوە دەربارەی پاشەڕۆژی قبرص‌و داوایان لە یونان‌و تورکیا کرد کە هێزەکانیان بکێشنەوەو سەرو وەفد بنێرن بۆ جنێف بۆ وتوویژ کردن‌و بەلایەکدا خستنی مەسەلەکە •

بەڵام بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان‌و بانگەوازی دەوڵەتان سودێکی وای نەبوو، تەقە هەر لە قبرص بەردەوام بوو ، تاوەکو کودەتا چیەکان ناچاربوون کە سەرۆکەکەیان لاببەن‌و گلافکوس کلیریرس بکەن بەسەر کۆمار •

وە لە یونانیش یاسای باری ئاناسایی (حالە الطوارئ) چەسپینراو فروکە خانەو ڕێگا گشتی‌یەکانی دەرەوە بەستران •• بەڵام لەویش ڕووداوی تازە قەومان‌و ڕێژیمە میلیتاریستەکەی ئەسینا پەکی کەوت‌و میلیتاریستەکان ناچار بوون کە داوا لە کوستانتین کارامانلس بکەن بگەڕێتەوە بۆ یۆنان‌و وەزارەتێکی مەدەنی پێك بهێنێ • ئەوەی شیانی باسە کارامانلس لە ساڵی ١٩٦٧ تا ئیستا لە



شۆڕشگێڕانی خلیج سەرلە هێزەکانی دوژمن ئەشێوێنن

عەدەن : ئاەدع : لەماوەی١٥ ڕۆژی ڕابوردووداشورشگێڕانی عوممان وخلیج لە چەند لایەکەوە دژی‌ئەمارەی هێزەکانی دوژمینان‌داو زەرەرو زیانێکی گەورەیان پێ گەیاند •

وە ڕۆژی ٢٣-٧ بەرەی ڕزگاری خوازی عوممان‌وخلیج بەیاننامەیەکی دەربارەی ئەو هێرشەی پارتیزان‌وجەنگاوەران بڵاوکردەوە تیایدا وتی :

لە دوو هەفتەی ڕابوردەوەشۆڕشگێڕان لە ناوچەی ناوەڕاست‌و ژووروی ضرفێت‌وهێڵی سور لە هەرێمی زەفاردا چەند جارێك جوامێرانەهێرشیان بردە سەر ئوردوگاکانی دوژمن‌و چەندسەربازێکیان لێ لەناوبردو چەك‌و تفاقێکی زۆریشیان‌لێ‌گرت •

هەروەها بەیاننامەکە وتی :لەشەڕێکدا لە ناوچەی هێڵی سور سێ بەکرێ گیراوکوژران‌و چەند بنکەو خێوەتێك ئاگریان تێ‌بەربوو • وە لە ناوچەی ڕۆژئاواش پارتیزانان ئوتوموبیلێکی سەرباز هەڵگریان پەك خست‌و ئەوانەی تێدابوون بریندار بوون‌و کوژران •

بەیاننامەکە لە کۆتاییدا ئەڵێ : دوای ئەوەی دوژمن لەو ناوچانە سەری لێ‌شێوا پەنای بردە بەر فرۆکەی بۆمباهاوێژو هەلیکۆپتەرو بەتایبەتی فروکەکانی ڕێژیمی ئێران ، وە ئەو فرۆکانەی دوژمن ناجوامێرانە دەستیان کرد بە بۆردومان کردنی ناوچەکەو کێڵگەو کشتوکاڵ‌و ئاژەڵ‌و مەڕومالاتی جوتیاران بەڵام دوژمن بەم دەست درێژیانەی نەیتوانی بچوکترین ئامانجی بهێنێتەدی •

کیم ئیل سونگ داوای یەکخستنی ولاتانی سێیەمی جیهان ئەکات

پیۆنگ یانگ:- ئاژانسەکان بەڕێز کیم ئیل سونگ سەرۆکی کۆماری دیموکراتی کوریا ڕۆژی ٢٣-٧ لەپێشوازی کردنی وەفدێکی لوبنان‌دا لەپیونگ یانگ وتارێکی خوێندەوە تیایدا داوای یەکخستنی هاوکاری ئابوری نێوان ولاتانی سێیەمی جیهانی کردو وتی : ئەو یەکخستنەو پتەوکردنی سەربەخۆی ئابوری سەربەخۆی سیاسی ئەو ولاتانە پتەوتر ئەکات • وە وتی : ئەگەر ولاتانی سێیەم خەباتیان یەکبخەن ئەوا لەجاران زیاتر ئیمپریالیزم بەچۆکدا دێنن •

بڕوانە - ل ٧

مەلیك حسەین سەرلە ئاران ئەدات

ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندی دووقۆڵی نێوان ڕێژیمی کۆنە-پەرستی ئێران‌و ڕێژیمە دەست نێژەکەی ئیمپریالیزم ، ڕێژیمی ئەردەن بەتین ئەبێ‌و لەهەموو بۆنەیەکدا وەفدی ڕێژیمێکیان سەر لە ئەوی تریان ئەدات وبۆ هەموو نەخشە وپیلانێك ڕای یەکتری وەرئەگرن •

ئەوە بوو ڕۆژی ٢٣-٧مەلیك حسەینی پاشای ئەردەن‌و شاژن علیاء بەسەردانێکی ڕەسمی کە حەوت ڕۆژ ئەخایەنێ سەریان لەتاران داو پێشوازیەکی گەرمیان لێ کرا لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە ••

ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا ئەڵێ مەلیك حسەین لەو سەردانەیدا لەگەڵ شای ئێران دەربارەی پەیوەندی نێوان هەردوو ڕێژیم وتوویژ ئەکات • وە سەردانەکەی شای ئەردەنیش لەسەر داخوازی محمد ڕضا شایە •

● ئاژانسەکان ●

فیداکارانی فەلەستین چەند داوو دەزگایەکی سەهیونی‌یەکان کاول ئەکەن

بیروت : تەل ئەبیب :ئاژانسەکان: هەفتەی ڕابوردوو فیداکارانی فەلەستین لەناو-جەرگەی خاکی زەوتکراودا دژێرانە دەستیان لەدوژمن‌وەشاندو زیانێکی گەورەیان لێ‌دا •

بڕوانە - ل ٧

فرۆکەیەکی ئەمەریکا فرۆکەیەکی خۆیان ئەخاتە خوارەوە

واشنتۆن : ئاژانسەکان : ڕۆژی ٢٣-٧ یەکێك بە ناوی پەنتاگۆنەوە بڵاوی کردەوە کە بەهەڵە فروکەیەکی شەڕکەری ئەمەریکا لە سەر دەریا لە نزیك دوورگەی لوزون فروکەیەکی هەلیکۆپتەری ئەمەریکای خستۆتە خوارەوە •

وەوتی : لە سەرەتاوە فروکەوانە کانی فروکە تیژڕەوەکە فروکە هەلیکۆپتەرەکەیان نەناسیوەو ساروخێکیان تی‌گرتوەو خستویانەتە خوارەوە ئەوانەی تیایدا بوون کوژراون •

کۆمپانیایەکی ئەمەریکایی نەوت لە میسر دەرئەهێنێ

واشنتۆن : قاهیرە : ئەسۆشێتدپریس : کۆمپانیای

بڕوانە - ل ٧

هاتنەوە لە ئاسمانەوە

مۆسکۆ : تاس : هەفتەی‌ڕابوردوو کەشتی‌یە ئاسمانیە-کەی یەکێتی سۆڤییەت سەر-کەوتوانە گەشتەکەی تەواوکردو لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی‌گەڕایەوە • گەشتیەکە دوو کەسی تیادابوو کەئەمانەن :پافل بۆبۆفیچ ویۆری‌ئەریتوخین •• وە ئێستاکە لەدەزگا زانستی‌یەکانی‌سۆڤییەت خەریکی لێکۆڵینەوەی‌ئەنجامی ئەو گەشتە زانستی‌یەن لەگەڵ ئەو سەرکەوتنەی‌بەدەستی هێناوەو چونیەتی‌چارەسەر کردنی ئەو گیرو-گرفتانەی کە لەگەشتەکەداهاتبوە ڕێگایان • وە ئاژانسی‌تاس ئەڵێ : هەردوو گەشتیە وانەکە تەندروستی یان باشەو کۆژانێکی وا بەسەر تەندروستی‌یان‌دا نەهاتووە •



بیرەوەری ٢١ ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕش لە کوبا •

هاڤانا : ئەدن : ئیمڕۆ ، هەینی ٢٦-٧ یادی بیست ویەك ساڵەی ئەو هێرشە دلێرانەیە کە شورشگێڕانی کوبا کردیانە سەر ئوردوگای مونکادا و بەمە سەرەتای دەست پێ‌کردنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی و شورشی چەکدار ڕاگەیەنرا دژی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەی پاتیستا •

جا بەم بۆنەیەوە گەلی کوبا بەکرێکارو جوتیارو ڕوشنبیران وە بۆ یاد کردنەوەی ئەم بیرەوەریە تەقەللا زیاتر ئەدەن بۆ پتر کردنی بەرهەم‌و بەرەو-پێش بردنی کۆمەڵ بنیات نانی سیستەمێکی سوشیالیستانە •

هەروەها ئاژانسی (ئەدن) ئەڵێ بەم بۆنەیەوە چەند پرۆژە و کارگەیەکی تازە ئەکرێتەوە و بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکی تر دائەنرێ••وە لە هاڤانای پایتەختدا کرێکاران دەستیان کرد بە کۆبونەوەو سیمینار سازکردن بۆ یاد کردنەوەی ئەو ڕۆژەمەزنەو لێکۆڵینەوە نەخشەی بەرەپێدانی ئابوری نیشتمانی‌و هەڵسوراندنی کاروباری پێویستی گرتنی گونگرەی ئایندەی پارتی کۆمونیست •

کورتە هەواڵ

● عەدەن : هەفتەی ڕابوردوو ، وتوویژی دوو قۆڵی نێوان وەفدێکی کوماری سوشیالیستی کوباو یەمەنی دیموکرات لەعەدەن کۆتایی‌هات •

● قاهیرە : ئاەرەن : ڕۆژی ٢٣-٧ کمال ادهم ڕاوێژکاری ئایبەتی مەلیك فەیسەلی پاشای سعودی بەسەردان چوو بۆ قاهیرە • بەڵام باسی مەبەستی ئەو سەردانەی نوێنەرەکەی مەلیك فەیسەل نەکرا •

● بریونی : ڕۆژی ٢٣-٧ قەشە مەکاریوسی سەروکی پێشوی قبرص نامەیەکی تایبەتی دەربارەی

بڕوانە ل -٧-

شوێنەواری ئەو بۆمبایەی لە هێرۆشیما تەقێنرایەوە

تۆکیۆ : تاس : بەپێی هەواڵی ئاژانسەکانی دەنگوباس ژمارەی ئەو کەسانەی بون بە کۆچی قوربانی ئەو بۆمبا ئاتۆمیەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٤٥دا بە هیرۆشیماو ناگازاکی دادا گەیشتە ٣٢٤ هەزارو ٤٤٦ کوژراو ٣٠٠ هەزار سەقەت‌و بەیندارو شێواو •

تاس ئەڵی : هەربەهۆی تیشکی ئوتومی بۆمبایەکەی ئەمەریکاوە نزیکەی ٨٤ هەزار کەس بە ناخۆشترین شێوە گیانیان دەرچوە •

ئەوەی شایانی باسیشە لەسەرەتای تەقاندنەوەی ئەم بۆمبایەوە لەو دوو ناوچەیەی سەرەوەدا نزیکەی ٢٤٠ هەزار کەسی ژاپۆنیایی مردن • وە هەتاوەکو ئێستاش شوێنەواری ئەو دەستدرێژیە چەپەڵە هەرماوەو ڕۆژ نیە کە خەڵکی تر شەڵو سەقەت نەکات •

سەرکردەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تێرۆرۆ

فاشستی یەتی ڕێژیمی تاران ڕسوا ئەکات

- ١ -

ماوەیەك لەمەوبەر پەیامنێرێکی گۆڤاری ((الهدف)) کە لە بیرۆت دەرئەچێ چاوی بە سەرکردەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەوتوەو وتووێژێکی لەگەڵدا کراوە • وە تەواوی وتووێژەکە لەژمارە (٢٥٩)ی گۆڤارەکە بلاوکرایەوە ئێمەش لەبەر گرنگی ئەو پرسیارو وەلامو وتووێژە بڕیارماندا لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بلاوی بکەینەوە •



سیمانی معینی

ئیسماعیل شەریف زادە

● پ : بەوشێوەیەی کە حزبی دیموکراتی کوردستانی لەکوردستانی ئێراندا ••• حزبتان چۆن سەیری باری سیاسی ئێران ئەکات •

- و : پێش هەموو شتێ واپێویست ئەکات کە سەرنجێك لەجۆرو شێوەی ئەو پەرەسەندنە ئابوری‌و کۆمەلایەتی‌یە بدەین کەئێمڕۆ لەئێراندا لەکایەدایەو کە خاسیەتێکی تایبەتی هەیە • وە پەرەسەندنەکەش بریتی‌یە لە کۆڕانی باری کومەلایەتی لە ڕێژیمی نیمچە دەرەبەکایەتی خێلەکیەوە بەرەو ڕێژیمی سەرمایەداری‌و لەم کۆڕانەش داچینە چەوسێنەرەکان سودمەند بوون لە مانەش شاو دەربارو ئەو کۆمپرادۆرانەی بەسەرمایە دارانی بێگانەوە بەستراونەتەوە لەگەڵ بورجوازی گەورەو خاوەن مولك‌و چینی تێکنۆکرات‌و بیرۆکراتەکان •••

جگە لەمەش ئێران لەو ڕۆژەوە کە حکومەتە نیشتمانیەکەی مصدق لەسالی ١٩٥٣ لەسەرکار لابراو میللی‌کردنی نەوت پوچەڵ کرایەوە ، پشتی بەداهاتی نەوت بەستوەوە دەسکەوتی ڕێژیم ئەمسال لەنەوت نەگاتە ١٨ ملیار دۆلارو بازرگانی دەرەوەشی لەجاران فراوانتر بووە ••• جابۆیە بەلای ئێمەوە ئەو پەرەسەندنەی لەسەرەوە باسمان‌کرد ، وە بەوشێوەیەی ئێستا لە ئارادایە تارادەیەك ئەگونجێ و وارده •

بەلام ئەنجامی ئەم پەرەسەندنە قولکردنی ناکۆکی‌یە لە نێوان چینی هەژارو زەحمەتکێش‌و چەوساوە لە لایەك‌و چینی فەزمان‌ڕەوا لە لایەکی ترەوە ••• جگە لەکران بوونی شت‌و مەك‌و ناخۆش‌بونی کوزەرانی خەلکی چەوساوەو بگرە شیوانی باری ژیانی چینی ناوەراست‌و بەشێکی بورجوازی‌یەکان••• ئەمە بەلای ئێمەوە ناکۆکی‌یەکی سەرەکی‌یە لە نێوان گەل‌و ئەو ڕێژیمەدا•• سەربەستی دیموکراتی پێشیل کراوە••• حزبەکارتۆنیەکانیش دەورێکی وایان نەدراوەتی چونکە ڕێژیم تەنانەت لە بزوتنەوە لیبرالیەکانیش ئەترسێ ••• عەقلیەتی کاربەدەستانی ڕێژیم لە مەیانی سیاسی‌دا زۆر تەسکە چونکە ڕێژیمێکی بیروکراتی عەشایەری‌یە •• جابۆیە ئەلیێن ڕێژیمی شا ڕێژیمێکی دیکتاتوری خوێنڕێژە • شا خۆی سەرپەرشتی لەشکرو سازمان‌و

لاپەرە - ٢

● پ : لە ساڵی ١٩٤٦ وە لەو ڕۆژەوە کە کۆماری مەهاباد لەناوبرا گەلی کورد لە ئێران دووچاری‌درندەترین چەوسانەوەی چینایەتی‌و ڕەگەزایەتی بووە لەلایەن ڕێژیمی ئێران • ئەگەر بگونجێ بەکورتی باسی وەزعی ئەشتی کوردستانی‌ئێران - مان بۆ بکەی ؟!

و : هەر چەندە ژمارەی کوردەکانی ئێران پێنج ملیون کەسە بەلام کوردستانی ئێران دوا کەوتووترین ناوچەیە لە ڕووی ئابوری‌و کۆمەلایەتیەوە ، ڕێژیمیش هەمیشە هەوڵی‌داوە کە ئەو پاشکەوتوییە بەسەر کوردستاندا بچەسپێنێ ••• لە مەیانی نەتەوەییشدا سیاسەتی شۆڤێنیستی‌و چەوساندنەوەو کردن بە فارس وەکو مۆتەکە کەلبەی لەگیانی گەلی کورد گیرکردوە • گەلی کورد لە

● دانا ●

خۆی لە بارێکی دیسلپین‌و سیاسی تایبەتی‌دا بینی‌و ئەمەبوە هۆی ئەوەی کە سلبیانە کاربکاتەسەر جەماوەر • ئەو ڕوداوەی کە ڕویداو شایەنی سەرنج دانە لە مێژوی حزبدا ڕاپەڕینە چەکدارەکەی ساڵی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ بوو کاتی کە لەشکری شا هێرشێکی نامەردانەی‌بردە سەر هەفالانمان و حزب ناچار بوو کە بەبێ نەخشەی کێشراو دەست بداتە چەك‌و ئەو خەباتە چەکدارە نزیکەی ١٨ مانگی خایاند وەکارێکی گەورەی کردە سەر جەماوەری گەلی کورد لەئێران‌و حزب چەندین شەهیدی‌دا وەکو اسماعیلی شریف زادەو مەلا ئاوارەو سلیمانی معینی‌و چەندی‌تر •

دوای ئەو ڕاپەڕینە حزبمان بەبارو زروفێکی ناخوش‌دا تێپەڕی‌و دوای سێ‌یەمین کۆنفراسی حزب لەئەیلولی ١٩٧٣ توانی ئەو کۆسپانە تەخت بکات •

ئەو ساڵەی کە کۆماری مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ دا ، وە دوای لەناوبردنی ئەو کۆمارە دووچاری لێدان‌و دەربەدەری‌بوو •

لە ساڵی ١٩٤٩دا سەرلەنوێ حزب بوژایەوە تاوەکو ساڵی ١٩٥٢ ، ئەم بوژانەوەیەش بەشێك بوو لە ڕاپەڕین‌و خەباتی بێوچانی گەلانی ئێران لە پێناوی میللی‌کردنی پترول ••• حزبمان سەر لەنوێ ئورگانەکانی خۆی دامەزراندەوە و پەرەی‌سەند • وە لوتکەی خەباتی حزبمان ڕاپەڕینەکەی شاری مەهابادو بۆکان بوو • دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٣ بزوتنەوەی نیشتمانی ئێران بەناگرو ئاسن کپ‌کراو بەکۆمەکی دەزگای جاسوسی (س• ئای• ئەی) کودەتایەکی چەپەل سازکراو زاهیدی‌و شاهاتنەوە سەرکار بەسەدان ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان • دووچاری دەربەدەری‌و کوشتن‌و بڕین بوون• بەلام لەگەڵ ئەو دەستە چەپەلەی لە حزب وەشێنرا ، حزب خۆی گرتەوەو توانی ڕۆژنامەی کوردستان ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی دەربکات •• لەساڵی ١٩٦٠ - ١٩٧٠حزبمان بەشدار بوو لە دامەزراندنی کورد لە بەشێك بوو لە ڕاپەڕین‌و خەباتی بێوچانی گەلانی ئێران لە پێناوی میللی‌کردنی پترول ••• حزبمان سەر لەنوێ ئورگانەکانی خۆی دامەزراندەوە و پەرەی‌سەند • وە لوتکەی خەباتی حزبمان ڕاپەڕینەکەی شاری مەهابادو بۆکان بوو • دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٣ بزوتنەوەی نیشتمانی ئێران بەناگرو ئاسن کپ‌کراو بەکۆمەکی دەزگای جاسوسی (س• ئای• ئەی) کودەتایەکی چەپەل سازکراو زاهیدی‌و شاهاتنەوە سەرکار بەسەدان ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان • دووچاری دەربەدەری‌و کوشتن‌و بڕین بوون• بەلام لەگەڵ ئەو دەستە چەپەلەی لە حزب وەشێنرا ، حزب خۆی گرتەوەو توانی ڕۆژنامەی کوردستان ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی دەربکات •• لەساڵی ١٩٦٠ - ١٩٧٠حزبمان بەشداربوو لە دامەزراندنی کوردستانی ئێران لە بچوکترین‌مافی ئینسانی‌و ڕوشنبیری‌و زمان‌و فەرهەنگی بێبەشە لەسەرانسەری کوردستانی‌ئێراندا تاکە قوتابخانەیەك کە بەکوردی‌تیایدا بخوێنرێ دەست ناکەوێ تاکە گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی‌کوردی نیە ••• ڕێژیمی ئێران هەوڵدەدات کە ڕوشنبیری‌وکەلەپوری کوردی بشێوێنی‌و بیکات بە فارسی ••• ئەوئیستکانەی ڕادیوی ڕێژیمی تاران داینان‌و بە کوردی‌پروگرام بڵاودەکەنەوە تەنیا بۆ ئەوەیە کە خزمەتی سیاسەتی‌ڕێژیمی ئێران بکەن لە دەرەوەدا

ئەمڕۆ کوردستانی ئێران‌میلیتاریزەکراوەو ناوچەیەکی عەسکەری‌یەو هیچ جورەشوێنەوارێکی یاسای مەدەنی تێدانیە یاسا بەدەست سەرکردەکانی لەشکرو سازمانی ئەمن‌و ژاندارمری ڕێژیمی ئێرانەوەیە •

- ماویەتی -

ڕاپۆرتێك دەربارەی شۆڕشی ئەیلول

- ٢ -

شەڕی چەتەگەری

پورتوگالیەکان بەرەنگاری کردن‌و بەگژاچونی شەڕی چەتەگەری لەوڵاتانی پەیمانی ناتۆوە فێربوون • بۆ نموونە چەند جارێك سەرکردەکانی پورتوگال سەربازو ئەفسەریان ئەنارد بۆ فەرەنساو ئەمەریکا بۆ ئەوەی فێری مەشقی لە ناوبردنی پارتیزانان‌و شەڕی‌چەتەگەری ببن •

لەساڵی ١٩٦١ کاتێ ناگری شورشی ڕزگاریخوازانەمان هەڵگیرساندە ئیمپریالیزمی پورتوگال بیری لەوە نەکردبۆوە کە خەباتی گەلی ئەنگولا شێوەی چەکدارانەی وەرگرتوە •• جابۆیە دوژمن چەند ناوچەیەکی چۆڵکرد •• وە بۆ ماوەی‌شەش مانگ لە ناوچەکانی ژوورودا لە کاربەدەستی ئیداری بەولاوە تاکە سەربازێکیانی تیادا نەهیشت‌زوربەی پیاوە دەوڵەمەندو بازرگانەکانیش ئەو ناوچەیان‌بەجێ هێشت‌و ڕوویان‌کردە پایتەخت • وەکو من بیزانم ئەوساتە لەشکری پورتوگال لەئەنگولا لە ٢٥ هەزارسەربازو ئەفسەر پێك هاتبوو بەلام ئێستاکە ئەو لەشکرە‌لە ٧٠ هەزار کەس زیاترە•

لەشکری پورتوگال بەهێزی پیادەو تۆپ‌و چەکی قورس‌و فروکەوە پەلاماری ئەداین •• جا بۆیە ئیمە لەسەرەتاوە بەگرانی ئەمان‌توانی چەك‌و تفاقی شەڕی لێ بگرین •• بەلکو ناچاربووین کە سەربازی لێ لە ناوبەرین‌و زیانی لێ‌بدەین •

وردە وردە بۆمان دەرکەوت‌کە ئیمپریالیزمی پورتوگال‌و ئەو لەشکرەی شەڕ لەگەڵ ئیمە ئەکات ئەو هێزو توانایەی نیە کە بەردەوام هێرش بەرێتەسەرمان‌و زۆر جار ئەخشەی دائەناو ئەیویست ئیمە بچینەسەری ••

بەلام تا ئەوکاتە ئیمەچەکی قورسمان بەدەستەوە نەبوو ، ئەشمان دەتوانی‌سەنگەرو ڕەبیەکانی بگرین •• جابۆیە تائێستا سەربازەکانی‌دوژمن لە زۆر شوێندا لەناو سەنگەرەکانیاندا حەواونەتەوەو بەرگری دەکەن •

لە شەڕێکداکە پارتیزانانمان هێرشیان بردە سەر ڕەبیەیەکی شەڕی چەتەگەری

خالد جوتیار
کردویە بەکوردی

دوژمن هەڤال « هیندا » شەهید‌کرا • شەهید هیندا سەرۆکی لیژنەیەکی سەربازی بوو •

دوژمن دوو تاکتیکی بەکار ئەهێنا لە شەڕدا •• یەکەم ئەوەبوو کە ناوچەی یەکەم‌و دوەمی بەفروکە بوردومان ئەکرد چونکە نەیئەتوانی ئەم شوێنە گرنگانە بە ئاسانی وەدەست بهێنێ‌و هەوڵی ئەدا بنکەکانی جۆی لەدەست نەچێ •

● دووەم : سەبارەت بە شارەکان • پورتوگالی داگیرکەر ئەو شێوەیەی بەکار ئەهێنا کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە شەڕی ڤیتنامدا گرتبویە بەر • پورتوگالیەکان هەوڵیان ئەدا کە خەڵکی لە شورشگێڕان دابڕن‌و لە یەکتری‌یان دوور بخەنەوە ئەوەبوو لە چەند شارو ناوچەیەکدا گەرەکی تایبەتی وایان بۆ خەڵکی دروست ئەکرد کە دەستیان بە شورشگێڕان نەگات‌و نەتوانن پەیوەندی‌یان پێوە بکەن •

لە شاریشەوە فروکەی

بڕوانە ل -٧-

هەرچارەی باسێك

سیهانۆك فرۆفیشالی‌ڕێژیمی لون نول بە درۆ ئەخاتەوە

● توانا ●
ئامادەی کردوە

ڕۆژ نیە کە جەنگاوەرانی گەل‌و پارتیزان‌و شورشگێڕانی کەمبودیا بەتوندی دەستی دلێرانە لە ڕێژیمی بەکرێ‌گیراوی کەمبودیا نەوەشێنن‌و زیانی‌گەورەی لێ‌نەدەن • وە تاوەکو ئێستا شورشگێڕان چەند شارو ناوچەو کوندێکیان لەژێر دەستی بەکرێ‌گیراواندا ڕزگارکردوە ئەوەبوو دلێری‌و فیداکاری شورشگێڕان ڕێژیمی لون نولی ناچارکرد کە داوای وتووێژو پێك‌هێنانی بەناو حکومەتێکی ئینتیلافی بکات •

بەلام شورشگێڕانی کەمبودیا بەسەرۆکایەتی بەرەی نیشتمانی‌و پشتگیری گەل‌و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دنیا هەرگیز وزە بەرنادەن‌و دەست لەچەك هەڵناگرن‌و بەبێ ڕزگارکردنی تەواوەتی وڵاتەکەیان‌و دەرکردنی بێگانە واز ناهێنن • جائەوەبوو هەفتەی ڕابوردو میر نوردۆم سیهانوك سەرۆکی شەرعی دەوڵەتی کەمبودیا دەربارەی داواکاری‌یەکەی لون نول بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تیایدا فرۆفیشال‌و پروپاگەندەو داواکاری‌یە ناراستەکەی ڕێژیمی لون نۆڵی بەدرۆخستەوەو لە بەیاننامەکەدا وتی :

لەم دواییەدا حکومەتی ئەمەریکا بەسەرۆکایەتی نیکسون فرمانی بەڕێژیمی لۆن نۆڵدا کە پێشنیازێك دەربارەی - وتووێژو ڕیککەوتن‌و ئاشتی‌و پێك هێنانی حکومەتێکی ئینتیلافی لەسەر شێوەی لائوس - لەکەمبودیادا پێشکەش‌بکات ••• جا لەم بارەیەوە بەو شێوەیەی ئێمە سەرۆکی شەرعی دەوڵەتی کەمبودیاین ئەو دەوڵەتەی لەلایەن شورشگێڕان‌و گەلی کەمبودیایەوە پشتگیری ئەکرێ‌و ٦٠ دەوڵەتی دنیا بەرەسمی ناسیویانە ئەمەوێ ئەمەی خوارەوە بەڕای گشتی دنیا بگەیەنم :-

ئەو خەباتە چەکدارانەیەی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی‌و حکومەتی یەکێتی نیشتمانی شانشینی کەمبودیاو هێزی ڕزگاری نیشتمانی گەلی کەمبودیا لەماوەی چوارساڵی ڕابوردودا بەڕپایان‌کردوە خەباتێکی ڕەواو پیرۆزە لەپێناوی ڕزگارکردنی نیشتمانداو • هەروەها ئەرکێکی نیشتمانی‌یەو ئیمپریالیزمی ئەمەریکاش تاکە تاوانباری سەرەکی‌یە لەشەڕی کەمبۆدیادا •

جالیرەوە ، هیچ ڕەوا نیە کە بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی‌و حکومەتی شانشینی کەمبودیاو لەشکری گەل یاخود سیهانوك تاوانبار بکرێن بەوەی گوایە ئاشتی‌یان ناوێ •

هەروەها بەیاننامەکە ئەڵێ : ئیمە زۆر بەتەنگ ئاشتی‌یەوەین وە جێگیرکردنەوەی ئاشتی لە کەمبۆدیادا پێویستی بە (وتووێژ) و کونگرەگرتن نیە بەڵکو ئەو ئاشتی‌یە بەدەستوبردی جێگیر ئەبێت ئەگەر هاتوو ئەمەریکا هیچی تر دەست لەکاروباری ناوخۆی کەمبودیا وەرنەداو ، لەمەولا یارمەتی بۆ تاقمە میلیتاریستەکەی لون‌نۆڵ نەنێرێ • بەم شێوەیە ئاشتی لەکەمبۆدیادا جێگیرئەبێ • بەیاننامەکە لەکۆتاییدا ئەڵێ :

خۆ ئەگەر ئەمەریکا واز نەهێنی‌و هەر لوت لەکاروباری ناوخۆی کەمبودیادا بژەنێ •• ئەوا بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی‌و حکومەتی شانشین‌و لەشکری ڕزگاری گەل دژی دوژمن بەردەوام تێ‌ئەکۆشن •• وەئەگەر وە یاخود بیست ساڵی تریش تێ‌بکۆشن وە بەرنادەین‌و بەچۆکانایەین‌و بە (ئاشتی دەستکردی ئەمەریکا) قایل‌نابین‌و لەبەردەم مێژودا سوێند ئەخوین کە هەر ئەبێ ئاشتی ڕاستەقینە لەکەمبۆدیادا جێگیر بکەین •

لەخواروی ئەفریقا بەم جۆرە مافی ئادەمیزاد پێ‌شێل ئەکرێت .

* زریان *
ئامادەی کردووە

لە ٢٥ی مانگی ڕابردوودا بەبۆنەی ڕۆژی هاوکاری‌و سەربەستی‌یەوە زوربەی‌ڕێکخراوە نیشتمانی‌یەکان هاوبەشیان لەگەڵ گەلی‌خواروی‌ئەفەریقادا کرد بۆ ڕسوا کردنی تاوانی ڕەگەزپەرستان‌و دەرخستنی ئەو سیاسەتە چەپەڵەی ڕەگەزپەرستان گرتویانەتە بەر،وە بۆ ئەم مەبەستەش چەند فلیمێکی بەنرخیان لە پاریس‌نیشان‌دا کە لەکاتی خۆیدا بەنهێنی گیرا بوون ••• لەوفلیمانەدا بە تەواوی ڕێ‌ڕەوی حکومەتە فاشستیەکەی‌ئەفەریقاروون کرا بۆوە کە تا چ ئەندازەیەك ئازاری خەڵکی ئەووڵاتە ئەدات‌و سیاسەتێکی چەپەڵی فاشستی‌یانەی گرتۆتەبەرو هەموو جۆرە مافێکی هاو وڵاتە ئەفەریقاییەکانی پێ شێل‌کردەوەو بە هیچ جۆرێك گوی بەرای گشتی دنیا نادات !!

لایەنێکی ئەم‌سیاسەتەی حکومەتی خواروی ئەفەریقا جێ‌گیرکردنی پێست سپی‌یەکانە لە شوێنی ڕەشەکاندا کە بەتەواوی بۆتە هۆی دەردە سەری‌و گرفتاری ڕەشەکان‌وبێ بەش کردنیان لە هەموو مافێکی ئادەمیزاد •

وە هەروەها حکومەتەڕەگەزپەرستەکەی خواروی ئەفەریقا زۆر بە توندو تیژی‌لەگەڵ ڕەشەکاندا ڕەفتار دەکات‌و بە زۆرو زۆردارەکی‌لەناوچەکانیان دەریان دەکات‌و ژن‌و پیاوو منداڵیشی لەیەکترجیا کردۆتەوەو کەسیان مافی ئەوەیان نی‌یە ماڵ‌و منداڵەکانیان ببینن • جگە لەوەش کە منداڵەکانیان کەس نازانێت لەکوی جێ‌گیر بوون‌و چیان بەسەر هاتووە ، وە ئەوناوچانەی کە ڕەشەکانی تیا دەر بەدەر دەکات حکومەت‌هەرکەسێکی بوێت بە پێی خواستی خۆی جێ‌نشینی ئەکات‌و ڕەشەکانیش بۆ ئەو شوێنانە بەرێ دەکات کە بۆیان تەرخان کراوە ••

یەکێك لەو شوێنانەی کەوەکو بەندیخانە وایەو بە تایبەتی بۆ ڕەشەکان دروست‌کراوە لە (ئەلکەندرایە) لە (جوهانسبرك) ، ئەو شوێنەش‌دابەش کراوە بەسەر چەند هۆڵێك بەو جۆرە هەر بەریشیان ناکەوێت ••• دەرگایەکی گەورەیان هەیەو سەرەڕای ئەوەی کە ئەو بە کارەبا دائەخرێت‌و شوێنانە بە ناچاری ناوی ئەکرێتەوە • ڕەگەزپەرستان جێگایان بەسەردا بڕاوە ، دەنا بەو کردەوەیان ئەیانەوێ وا لە ئەگەر بێینە سەرباسی ڕاستی دانیشتوان بکەن کە نەتوانن ئەم خانوانە بەندیخانەیەکن هیچ جۆرە چالاکی‌یەك بنوێنن‌و هیچ بیر لە خۆ دەرباز کردن بکەنەوە چونکە تەنها ورتەیەك لەم هۆڵانەدا ببیسترێت ئەوا دەرگاکە دائەخرێت‌و ئیتر هاتنە دەرەوە نی‌یە •• جگە لەوەش هەریەکێك لەم

بڕوانە ل -٧-

جەلادەت بەدرخان

جەمال بابان

بنەماڵەی بەدرخان نەك هەر لە رێی کوردایەتیدا تێکۆشاون وجەنگاون ، بەڵکو لەمەیدانی ئەدەبی وزمانەوانیو رۆژنامەگەری شدا • دیسانەوە خەریك بوون وخزمەتی گەلەکەیان کردوە ، بەتایبەتی ئەوان لە هەر کاتێکدا دەستیان ئەدایە ، نەوەختو سەعاتەکەی لەباری کورد ئەبوو ، نەشوینەکەی • لەگەڵ ئەوەشدا رۆژێك لەرۆژان لەخزمەت دوانەکەوتوون •

ئەم بنەماڵەیە کە لە پیاوی زۆری تیا هەڵکەوت پیویست ناکات لێرەدا یەکە یەکە باسیان بکەین ، چونکە لەکاتی خۆیدا ئەمباسەمان لەگۆڤاری (بەیان)ی خۆشەویستدا لە ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٧٣ داپێشکەش کرد• بۆیە ئێستا تەنها لەجەلادت بەگ ئەدوێین بەتایبەتی کە دوای دوسێ رۆژی تر (١) واتا لە (١٥) تەمموزی ئەم ساڵدا ، بیستو سێ ساڵ تێ ئەپەڕێت بەسەر کوچی دوایی دا کە لە ساڵی ١٩٥١ دا بوو •

میر جلادت کۆری ئەمین عالی کۆری بەدرخان پاشای کۆری عەبدول خانە ، لە رۆژی ٢٦ نیسان ساڵی ١٨٩٧ لە ئاستانە (ئەستەمبول) هاتۆتە دنیاوە• بەدرخان پاشای باپیری دوامیری بنە ماڵەکەی خۆیان بوو کەحوکمرانی کوردوستانی ژورو (جزیرە) بوو ، ئەم بەدرخان پاشایەش پیاوێکی بەجەرگی چالاکی چوارشانە ، چل ژنی هێنابوو ، لەمانە (٩٥) کۆری بوو • عوسمانیەکان بەشەر نەیانتوانیهیچی لەگەڵ بکەن ، دەستیان دایە کەلەکەو تەلەکەبازی ، تاکو لە ساڵی ١٨٤٥ دا هێرشیان بەهێزێکی سوپایی قورسەوە بردە سەر • کەپێش خۆیان بەئایەتی زۆر لە قورئان رازاندبوەوە ، ئەیان زانی بەدرخان پاشا خۆی پیاویکی بەئایین وخوا پەرست بوو ، بەرامبەر بەشتی وا سەرکێشی ناکات ، بەم جۆرە حەز ئەکات با چاوێکی پیا بخشێنێت •

دوای گرتنی بەدرخان پاشا ، ماڵو ملکی هەمو داگیرکراو خۆیان پەرەوازەکران ، تاکو پاشا خۆی لەساڵی ١٨٦٨ لە شام فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناو لەگۆرستانەکەی مەولانا خالدی نەقشبەندی نێژرا، دوای ئەوەی هەشتا کوری بەجێ هێشت لەمانە تەنها (١٣) یان لەخەم رەخسابوون ، یەکێك لەو کۆرانە ئەمین عەلی باوکی جەلادت بوو •

پێگەیشتنی میر جەلادەت :

دوای مردنی پاشا ، عوسمانیەکان سیاسەتیان گۆڕی نیشانی باشایەتی دادوری بەسەرشانی کۆرەکانیداو پایەی بەرزی پێ بەخشین ، ئەمین عالی لەکاروباری داد گەری دا لە ئەستەمبول دامەزراند • ئەویش ژنێکی تری هێنا کە چەرکەسو ناوی (سنیحە) بوو ، جەلادەت لەوژنەکەوتەوەو لەماڵو حاڵێکی خۆشدا پێگەیشت وکەگەورەبوو باوکی هەر لەئەستەمبول خستیە دانشگای (حقوق) تا تەواوی کرد • ئەوەی شایانی باسە هەمیشە تای تەرازووی سیاسەتی عوسمانی لەسەر-کردنو بەرزیو نزمیدا بوو ، هەررۆژە بەلایەکدا ئەکەوت ،بەم جۆرە هات ، تا (اتاتورك) پەیدابوو ، لەگەڵ هاتنیدا ، سەلتەنەتی قلپ کردەوەو سیاسەتێکی رەگەز پەرستانەی توندو تیژی هێنایە ناو ناوان • کە لەپێش هەمو شتێکدا دژی کورد بوو ، ئەوەبوو تێیان کەوت ، فرمانی خنکاندنی ئەمین عالیو سێ کۆری دەرکرد (ثریاو جلادتو کامەران) ، ئەوانیش هەموو بەناچاری رایان کرد • ئەمین عالیو ثریای کۆری روویان کردە میسر ، جەلادەتو کامەرانیش خۆیان گەیاندە ئەڵەمانیا ، هەردوکیان لەوی هەشت ساڵ مانەوەو لە حقوقیشدا دکتورایان وەرگرت، لە هەمان کاتدا خۆیان فرێ دایە ناو خەباتی سیاسی وسوپاییەوە لەمەشقی سوپاییدا هەنگاوێکی باشیان بڕی ، بۆ ئەوەی شارەزایی پەیدابکەن ولەدواییدا بتوانن خێر بۆ میللەتەکەی خۆیان بدەنەوە ، لە هەر هەلێکدابێت • ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٢٥ دا شۆرشە کەی شیخ سعید لەتورکیا بەرپابوو بۆ ئازاد کردنی کوردستانی تورکیا ، ئەمان خۆیان گەیاندێ وچەند مانگێك لەوێ مانەوە ئیشیان ئەکرد ، بەڵام دوای کوژاندنەوەی شۆرشەکە ، دیسانەوە دادگا فەرمانی خنکاندنیدەرکردنەوە، ئەمانیش بۆی دەرچوونەوە ، ئەمجارە کامەران چوە لوبنانو لەویوە بۆ پاریس کە تا ئێستاش هەر لەوێیە ، ثریاش چوە ئەمەریکاو لەدواییدا ئەویش هەر گەڕایەوە پاریس ، لەوێ مایەوە تا لە ساڵی ١٩٣٨دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا • جەلادەت بەدر خانیش لە ٢٥مانگی ئابی ١٩٣٠ دا خۆی گەیاندە سوریاو لەشام دا مایەوە تا دوا رۆژی ژیانی •

تێکۆشانی میر جەلادەت لە سوریا :

تێکۆشان بەقەڵەم : قۆناغی نۆی لەژیانی خوالێ خۆشبوودا لەشام بە نووسین دەستی پێکرد، هەرچەندە دەستی تەواو کورتبو ، لەئەوەڵەوە نانی شەوی نەبو بیخوات ، لەگەڵ ئەوەشدا بەهیچ (منصب)یك قایل نەبوو کە لەلایەن تورکیاو ئیرانو فەرەنسەوە پێی بەخشرا خۆی تەرخان کردبوو بۆ کاروباری میللەتەکەی •

لە (١٥) ئایاری ١٩٣٢ دا گۆڤاری (هاوار)ی مانگانەی دەرکرد کە گۆڤارێکی گشتی بوو تا (٥) تەمموزی ١٩٤٣ی بڕکرد ، لەهەمان کاتدا گۆڤاری (روناهی) ش دەرکرد کە گۆڤارێکی هەفتانەی پڕوێنەبوو، میر نوسینەکانی خۆی لەبارەی وێژەو هۆنراوەو زمانەوە تیا بلاوئەکردەوە ، جگە لەباسی کۆمەڵایەتی •

لەم کاتەدا جەلادەت بەگ لەژوورێکی تاریك وشێ داری بنەوە ئەژیا لەخانویەکدا لە گەڕەکی (شهداء) لەڕیگای (صالحیه) ، ئەم ژوورە میوانخانەو شوینی خواردن ونوستن ونوسینی بوو ، ئەو شتانەی کە ئەنووسی، بەناوێکی خواستراوەوە ئەیدا بە چاپخانەو لەدواییدا خۆی گۆڤارەکەی بەدەستی خۆی بلاو ئەکردەوە، چونکە کەسی نەبوو ، خۆشی دەست کورت بوو ، بەڵام ئەم نوسینانەی کە ماوەی بیست ساڵێکی خایاند ، کارێکی زۆرو سوودیکی گەورەیان بەخشی بەروون کردنەوە یمەسەلەو ئەدەبو زمان ومێژووی کورد ، هەر مامۆستا جەلادەت بوو کە بۆ یەکەم جار کوردی بەلاتینی نووسی ورێزمانەکەی رێکخست بەرگی یەکەمی لەچاپداو بەرگەکانی تری هەروا دەستنووسن ماونەتەوە • جگە لەوانە فەرهەنگیکی کوردی ویەکێکی تر کوردی فەرەنسی دانا • هەروەها کتیبی (العوامل الحقیقیه لسقوط مدینه ادرنه)ی نووسی ئەوەی شایانی باسە هەندێك لەو دەستنووسانە ئێستا لە کتیبخانەکەی کۆڕی زانیاری کورددا هەن لەبەغدا وزۆربە نرخن •

میر جەلادەت گەلێك زمانی ئەزانی وەك فارسیو تورکیو عەرەبیو یونانیو ئەلەمانیو فەرەنسیو ئینگلیزیو کەمێك

بڕوانە ل : -٧-

جەلادەت بەدرخان

بەرامبەر بە کورووە چەکانی

دەربارەی کەلەبەی کوردی

- ئەم نووسینە لە ساڵی ١٩٦٣دا ، وەك سەرەتایەکی کورت ، لیژنەی ئەدەبی کوردی لە یەکێتی ئەدیبانی عیراقا ، بە عەرەبی بۆ ئەو نامێلکەیەیان نووسی کە دەریان کرد بەناوی (هەڵبژاردە لە ئەدەبی کوردی)یا بەڵام رووناکی نەدی ، وا ئێمەش کردمان بەکوردی - کاکەی فەللاح

ئەدەبی کوردی ئەم بەشانەی گرتۆتەوە :

١ - ئەفسانە و چیرۆك وداستان •

٢ - ئەو پەندو ئامۆژگاری-یانەی کە لە کۆنەوە بەسەر دەمی پیرەکانەوەن •

٣ - ئەدەبی گۆرانی کەچیرۆکی شیعریو پارچەی تایبەتی ئەگرێتەوە بە بۆنەی شیوەنو شایی یەوە •

٤ - شیعری نوسراو •

کۆنترین شاعیری ناسراوی کورد (عەلی تەرمۆکی)یە کە لەسەدەی دەیەمی زایینیدا ژیاوە•• •شیعری زۆر بەسۆزی هەیە لە بابەتی دڵداریو نیشتمانپەروەری • چەن پارچەیەك لە شیعرەکانی لە لایەن ئەدیبەی فەرەنسی (لوسی پول مارگریت) و (کامەران بەدرخان)ەوەکراوە بەفەرەنسی • (بابەتایەری هەمەدا نیشهاوچەرخی ئەو بوەکە لە ساڵی (١٠٣٥) ز کۆچی دوایی کردوە ، شاعیرێکی گەورەو سۆفیەیەکی تەواو بوە ، زۆر سۆزی گەرمو گوڕیسوفیانەی دڵە رووناکەکەی ، بە شێوەی چوارینی بەرزوناسكو بە ئاوازو هەست لە چوارچێوەی شیعرا دارشتوە •بەجێیە ئەگەر لێرەدا پەنجە بۆ ئەوە رابکێشین کەهەندێ لەلیکۆڵەرەوەکان ئەوچوارینانەی ئەدەنە پاڵ زمانی فارسی ، بەڵامراستی میژوییو فیلولوجی وای ساغ کردۆتەوە کە ئەو لەهجەیەی چوارینەکانی پێ نوسراوەلەهجەی لوڕیکوردییەئەوەی کە لەم رووەوە پشتی ئەم قسەیەمان ئەگرێ بەوەی کە ئەوچوارینانە فارسی نین ، رۆژهەلاتناسی گەورە (أدوارجرانفیل براون)ە لە کتێبەکەیا (میژوی ئەدەب لە ئێران)دا •

لەو سەردەمەشا ناوی (عەلیحەریری) ١٠١٠ - ١٠٧٧ وفەقی تەیران ١٣٠٧ - ١٣٧٥کە لە ناوچەی (حەکاری) رۆژهەلاتی تورکیای ئێستایەو(ئەحمەد باتی) ١٤١٧-١٤٩٥ کە لە ناوچەی هەورامانەئەدرەوشێتەوە شیعرەکانی (پیرشالیار) ، کە یەکێك بوولە پیرە ئایینیەکانی زەردەشتی ئێستەش بە سەردەمی زۆر لەدانیشتوانی ئەو ناوچەیەوەیە •

(شیخ ئەحمەدی جزیری)شوێنێکی دیار بووی پێشەوەی لە کاروانی ئەدەبی کوردییاگرتوە ، بەوەی کە شیعرەکانی بەردی بناغەی دامەزراندنیشیعری کلاسیکین ، بەشێوەی دەربڕینی رەوانو دارشتنێکیبتەو کە لەسەر دەریا ناسراوەکانی کێشی عروضی عەرەبین ،ئاوێنەی شیعرەکانی گیانی عەشقی خوایی پیشان ئەدات ،بەچەن دەربڕینو وشەیەکی دامەزراو کە هەموو بەلگەونیشانەکانی جوانی گرتۆتە خۆی بە هەموو هونەرەکانی روونوورەوان بێژی (بەلاغەت)ەوە •

بەڵام (ئەحمەدی خانی)شاعیر ١٦٥٠ - ١٧٠٦ کە لە شاری (بایەزید)ی کوردستانیتورکیا لە دایك بوە ، بەداستانە شیعریەیە بەرزەکەی بەناوبانگەکە ناوی (مەمو زین)ەو بە پێشەکییەکەی کە یەکەمینبابەتە لە شیعری نەتەوایەتییاو ئاگری هەڵچوون خۆش ئەکات••• شاعیر هەوڵی داوە لە باری سیاسی کورد بکۆڵیتەوە •ئەم داستانە بە چەند زمانێك رەرگێرراوە •

کە ئەگەینە چەرخیحەڤدەیەمناوی شاعیرانی گەورە گەورە ئەکەونە بەرچاو : لە وێنەی(مەلا مستەفای بێسارانی ١٦٤١ - ١٧٠٢) و (خانایقوبادی ١٧٠٠ - ١٧٥٩) و (مەولانا خالیدی نەقشبەندیشارەزووری ١٧٧٧ - ١٨٢٦)و (مەلا عبداللەی بیتوشی ١٧٤٦- ١٨٠٧) کە زوربەی شیعرەکانی بە عەرەبی داناوەو لەشاری (أحساء) کۆچی دوایی کردوە و (محمد ئاغای دەربەندفەقەرە ١٧٦٥ -١٨٣٢)

لە چەرخی نوزدەیەمیشەوەچەند گەنجینەیەکی ئەدەبی شاعیرانی گەورەمان بۆ بەجێماوە : وەك (نالی ١٧٩٧ - ١٨٥٥)و (مەولەوی) ١٨٠٦-١٨٨٢ و (سالم ١٨٠٠-١٨٦٦) و (مستەفا بەگی کوردی ١٨٠٩- ١٨٤٩)و (شیخ رەزای تالەبانی ١٨٣٥ - ١٩٠٩) و(حاجی قادری کویی ١٨١٥ - ١٨٩٢)و (مەحوی ١٨٣٠ -١٩٠٤) وزۆری تریش •

لەگەڵ سەرەتای چەرخیبیستەمدا ئەدەبی نوێ دەرکەوت کە نوێنەرە قارەمانەکانی(پیرەمیرد ١٨٦٧ - ١٩٥٠)و (یونس دڵدار ١٩١٧ -١٩٤٨)و(زێوەر ١٨٧٥ - ١٩٤٨) بوون ئەمانە بەشی زۆری کۆتوزنجیری لاسایییان لە شیعرا شکاندو واتای نوێیان داهێناوچەند بابەتێکی پێشکەوتوانەی هاوچەرخانەیان نووسی •هەروەها پایەی پەخشان جێگیر بوو • بەوەی کە چەند گۆڤارورۆژنامەیەکی کوردی هاتنە کایەوە لە عیراقو تورکیاوسوریاو ئێراندا ، وە چەند نووسەرێکیبەهرەدار دەرکەوتنوەك (محمد ئەمین زەکی ١٨٨٠ - ١٩٤٨)و (جەلادەت بەدرخان١٨٩٧ - ١٩٥١)و (محمدعلی

بڕوانە ل -٧-

ئیلزا

وەرگێڕانی دلشاد مەریوانی

شیعری ئاراگۆن

نەهێنیێکی گەورەت بۆ ئاشکرا ئەکەم
تۆ رۆژگاریو رۆژگار ئافرەتێکە •••
پێویستی بەیاری بازیو کرنۆش بردنە بەرپێی •••
دڵداران هەیە
کراسێکە دائەکەنرێو پرچێکی درێژی داهێنراوە
ئاوێنەیێکە هەناسە لێلیشی ئەکاتو رۆشنیش
تۆ رۆژگارێکی بەرەبەیان کە خەبەرم ئەبێتەوە •••
لەسەر گزنگی خۆر رائەکشێی
تۆ وەکو چەقۆیێکی گەروم ئەکێلی
« •••••••••••••• »
ووشەکانم گەلێ گرانن
مەسەلەکەش لەو خۆشەویستییەمدایێ
کە ئەچێتە ئەو دیو سنوورەکانی لەزەتەوەو نایگەمێ
تۆ ئەو سەعاتەی لەملاو ئەولایسەرم ئەدەیتو
من ئەخنکێم گەر تۆ هەناسە نەیەیت

O

نەهێنیێکی گەورەت بۆ ئاشکرا ئەکەم
ووشەکانی نێوان لێوم هەژارن •• سوال کەرن
دەرۆزەگەرێکی لەژێر چاوەکانتا رەشدا ئەگیرسێن
بۆیێ خێرا •• خێرا ئەڵێم « خۆشم ئەوێیت »
چونکە بلوری رستەیێکی شەفافم دەست ناکەوێت
تا بیکەمە ملوانکەی گەردنت
لە قسە ساکارەکانم تووڕە مەبە
ئاو چەندە ساکاریش بێت ، ئەبیستی
چ دەنگێکی بەلاوەیە کە ئەکەوێتە ناو ئاگرەوە •••!!
« •••••••••••• »

O

نەهێنیێکیو گەورەت بۆ ئاشکرا ئەکەم
لێت ئەترسم
لەو هەموو شتانەی ئێوارانی ژێر پەنجەرەکەت ئەترسم
ئەو ئیشارەتانەی ئەیکەیتو ئەوقسانەی نای کەیت
لەم رۆژگاری گورجیو خاویەیەترسم

O

نەهێنیێکی گەورەت پێ ئەڵێم
دەرگاکان داخە
مردن لە خۆشەویستی ئاسانترە
منی ئاسان نەویست
تا هەم ، ژیان هەڵ ئەبژێرم ،خۆشەویستەکەم

ئیلزاو چاوەکانی ئیلزا
چاپی ١٩٦٩
میسر « دار الکاتب العربی »

پەرەموچی دەست

ئارەزووکان

صلاح محمد

خۆشەویستم
کاتێ پەرەموچم هەڵگرت
تابلۆیەکت بۆ بکێشم
بەڵام دەستێکی ئاسنین
هەردو مەچەکی توندبەستم
پێی وتم : نەء •
رێگای دڵداریان گرتم
لاشەی خەندەیان سڕکردم
ویستیان پەپولەی ئارەزوم
بمرێ ••
نەیانزانی •••
ئارەزوی دلێ جەڕێنراو ••••
بەئاسانی ••
لە ناو نابرێ ••
گرم لە خەرمانی خەیاڵ بەردا••
ئەسپی (راستەقینە)م تاو دا ••
ئەمووت
چۆن بتوانم
دەست پێ بکەم
بە ئاواتی تابلۆم بگەم
بەڵام دەنگێك لەناخەوە ••
پەردەی هەستی لەرانەوە ••
پێی وتم تا
دەستی بەرەموچ
جەڕاو بێ
تابلۆکەی تۆ
وەك ئەتەوێ

ئەواو نابێ

سەرنج

لەبەر چەند هۆیەکی هونەری لە ژێر نووسینی یادی (بیستو شەش هەمینی کۆچی ئەمین زکی بەگ)ی ژمارەی پیشووی (هاوکاری) نووسرابوو (نوێنەری هاوکاری) بەڵام راستێکەی بە قەڵەمی مامۆستا جەمال بابان بووە- ئەو نوێنەری هاوکاریەیەش هی چاوپیکەوتنەکەی سانحە خانی کچی ئەمین زەکی بەگ بوو داوای لێ بوردن ئەکەین •

(هاوکاری)

دڵنەوایی هۆنراوەیەك بۆ هۆنراوەیەکی سووتاو

○ حەمەئازاد ●

هەچ وشەیەك
لە قوڵایی ناخمەوە هەڵقوڵابێ
بەرگەی ژیانی راستی ناگرێ
ناچار ئەبێ کەبسووتێ

O

هەچ رستەیەك
لە ناو مێشكو دڵو چاوما
هەڵتوقیبێ
بۆمبایەکەو
بەرەو رووی خۆم هەنگاو ئەنێ

O

هەچ شیعریکیش
زامەکانم بگرێتە خۆی
پێی ناوێرم
ناچار ئەبم کە پێی بڵێم :
گەلەکۆمەکێم لێ مەکەن
بەرگەی ناگرم •••
وەڵام نەبوو
ناچار ئەبم
بیدرێنم
بیسووتێنم
وەکوو کردم

راپۆرتێك دەربارەی پرۆژەی بەنداوی خارز

وەزارەتی (ری) لەمرۆژانەدا بە هاوکاری یەکێك لە دەزگا راوێژپێکراوە جیهانیەکان خەریکی ئامادەکردنی راپورتێکی هێلکێشی‌یە بۆ پرۆژەی بەنداوی خارزو - کومل لە پارێزگای دهۆك کە بەهەردووکیان والەقەلەم دراوە (٩) نۆ ملیون دیناریان تێ‌بچێت .

ئەم هەواڵە یەکێکی ئاگادار لە وەزارەتی (ری) رایگەیاندووە .. لەو باسەدا کە ئەو سەرچاوە ئاگادارەی وەزارەتی (ری) رایگەیاندووە .. پرۆژەکە برێتی ئەبێت لە بەنداوی بەکرمان کە ئەکەوێتە سەر روباری خازر نزیك گوندی بکرمان ، بە هۆی ئەم بەنداوەوە ئاوی ئەو روبارە ئەکرێتە سەر دوو جۆگا ، جۆگای رۆژهەلات‌و جۆگای رۆژ ئاوا ، لەگەڵ دامەزراندنی دوو محەتەی بچووکی ئاوهەڵمژین وە وتوویەتی .. بەنداوی بکرمان ئەکەوێتە سەر روباری خارز کە (٤٠) چل کیلومەترە لە رۆژ هەلاتی شاری موسڵەوە دوورە ، وە بەناو ریزە شاخەکانی ئاکرێ‌دا تێ‌ئەپەڕێت بەنداوەکە بەرزییەکەی خۆی ئەدات لە ٩٣ مەترە بەرزترین شوێنی لەناوەراستی‌دا ٢٩٠ مەترە ئەبێت وە لە کەنارەی لای‌چەپیوە پلوسکی گەورەگەورەی بۆ ئەکرێت بۆ ئەوەی شەپۆلی گەوری لافاوی لێبووەبڕوات .. ئەو بەنداوە کەلکی کەم کردنەوەی شەپولی لافاوی لێ وەرئەگیرێت کە زۆر جار ئەدات لەو زەوی‌و زارانەی کەوتونەتە پاش بەنداوەکەوە ، وە بۆ ئاودانی ئەوزەوی‌و زارەی دەورو پشتیشی ..

دەربارەی ئەو دوو جۆگایەی ئەکەونە ئەم‌لاو ئەولای بەنداوەکەوە ، جۆگای رۆژهەلاتیان درێژی خۆی ئەدات لە ٦٦ کیلومەترە ، مەودای ١٦٣ هەزارو ١٠٠ مەشارە زەوی‌وزار ئاوئەدات . جۆگای رۆژ ئاواش، ئەوزەوی‌و زارانە ئاوئەدات کە کەوتۆتە نێوان روباری خارزو کۆمەلەوە لەگەڵ زوربەی زەوی‌و زارەکانی دەشتی ئاکرێدا .. بەم پی‌یە دوای تەواو بوونی ئەو پرۆژەیە لە وزەیدا ئەبێت بەراوی (١٣٠) سەدسی هەزارمشارە زەوی‌وزاری ئەو ناوچانە بکات ، ئەوەی شایانی باسە بەشێکی ئەو زەویانەی کە پرۆژەکە ئەیگرێتەوە کشت‌و کاڵی دێمی‌یە ، بەلام بەشەکەی تری ئەکرێت بە کشت‌و کاڵی هاوێنەو بەهۆی کانیارەکانی ئەو ناوچەیەوە ئاو ئەدرێت .

زیاد کردنی موچەی قوتابیان

وەزارەتی پەروەردەی باڵاو پشکنینی زانستی وای بریار داوە کە موچەی ئەو قوتابیانەی لە پشوی هاویندا لە دەزگاو دایرەکانی حکومەت دائیش ئەکەن لە دەدینارەوە بۆیان بکرێت بە ١٥ دینار .

وەك ئاشکرایە لە سەرەتای پشوی هاویندا وەزارەتی ناوبراو بڵاوی کردەوە کە ٧٥٠٠ قوتابی لەزانستگاو مەعهەدەکانی وڵات هەڵەبژێرێت تاوەکو لە دایرەو دەزگاکانی وڵات‌دا مەشقیان پێ‌بکات .

هەواڵێکی پرمەینەت

هەواڵی کۆچی دوایی شاعیری بەناوبانگی کوردو رۆژنامەگەری ناسراوی چاخی خۆی‌و نوکتەبێژو هاوچەرخی زۆر لە شاعیرانی کورد لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەیەمەوە تائەمرۆ - عەلی باپیر ئاغا - لە هەفتەی رابوردوا لە سلێمانی ، مایەی خەفەتێکی بێ‌سنوورو گەمێکی بێ‌پایان‌و داخێکی تەواو گەرم‌و گران بوو .

دەستەی نووسەرانی هاوکاری کە ئەم هەواڵە جەرگبڕە بڵاو ئەکاتەوە ، پرسەو سەرخۆشی خۆی لە کەس‌و کاری شاعیری کۆچ‌کردوو هەموو نووسەرو ئەدیبو شاعیرێکی کورد ئەکات ... هیوادارە سەبوری‌و ئارام دڵو دەروونی هەمووان بگرێتەوە .

(هاوکاری)

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

موچەخورانی دائیرەی شێوە رەسمیەکان بریاری بەرزکردنەوەی بەرزی سنوری وەزیفە ئەیان گرێتەوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاری‌دا کە موچەخورانی دائیرەی شێوە رەسمیەکان بریاری بەرزکردنەوەی بەرزی سنوری وەزیفەکان لەدائیرەکانی دەولەتا ، بیان گرێتەوە .

بەپێی ئەو بریارەی لە بیرەوەری بیست‌و حەوت ساڵەی دامەزراندنی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالستەوە دەرچو بو سەبارەت بەگرانی شتومەك بۆ ئەوەی پلەی ژیانی هاونیشتمانیەکان بەرز ببێتەوە .

ئەمەش تەواوی بریارەکەیە .

بەپێی برگەی (أ) لەبەندی چل‌و دووی دەستوری کاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە کۆبونەوەی روژی ١١-٧-١٩٧٤دا بریاری لەسەر ئەمانەی خوارەوەدا :

١ - بڕیارە کەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ژمارە (٣٥٢)ی رۆژی ٣-٤-١٩٧٤ دەربارەی بەرزکردنەوەی سنوری بەرزی وەزیفە ، دائیرە رەسمیەکان وشیوە رەسمیەکان ئەگرێتەوە .

٢ - وەزیرەکان ئەم بریارە جێ‌بەجێ ئەکەن .

احمد حسن البکر
سەرەکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شورش

خەتی ئاسنینی نێوان بەغداد - کەرکوك - هەولێر

بەریوەبەرایەتی دەزگای خەتی ئاسنین رۆژی ٢١ی تەمووز لەگەڵ یەکیك لە کومپانیا جیهانیەکان رێکەوتننامەیەکیان مۆرکردوە . ئەم رێکەوتنەش بەتایبەتی دەربارەی باس کردنی خەتی نیوان بەغداد - کەرکوك - هەولێربوو لەگەڵ لقەکەی کە جلولاء بە خانقین ئەگەیەنین ، ئەم کارە ٤٣ هەزار دیناری تێ‌ئەچێ ، بەرێز سهیل محمد صالح بەرێوەبەری گشتی دەزگا کەو بەرێز ترمز کردکر نوێنەری کومپانیاکە مۆریان کردوە .

درێژی ئەم خەتە ٥٧٠ کیلو مترە ئەبێت‌و ١٠٠ ملیون دیناری تێ‌ئەچێ ، وەبەخەتی ئەکسپریسی خوارو ئەبەسترێتەوە ، چاوەروان ئەکرێ بەم زوانە دەستپێ‌بکرێت لەنیوان بەغداد - کوت - عەمارە - بەسرە هەروەها بەم نزیکانە لەلایەن چەند شارەزایەك باسی‌لێ‌ئەکرێت .

ئەو خەتە لەپاشە رۆژدا ئەبێتە هۆی پەیوندی بۆگواستنەوەی کەل وپەل لە نیوان دەولەتاندا .

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

نەریمان

رووداوە کوردیکان

ئەم هەفتەیەمان کەلە ٢٧ تەمموز تا ٢ی ئاب ئەگرێتەوەو رێکەوتی ٨ تا ١٤ رەجەبەبەروەها رێکەوتی ٥ تا ١١ی خەرمانانی کوردی‌یە ئەم‌رووداوە گرنگانەی تیادا قەوماوە:

لە ٢٧ی تەمموزی ١٩٥٨داوەفدی کوردستان بۆ پیرۆزبایی دامەزراندنی کۆمار چاویان بەکاربەدەستانی شۆرش کەوت .

لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٦١داپارتی دیموکراتی کوردستان بۆ داواکردنی مافی کورد یاددا-شتێکی ١٣ خاڵی‌یان بە کاربەدەستان پێشکەش کرد .

لە ١ی ئابی ١٩٤٩داکۆماری کەلاوێژ داخرا .

لە ٢ی ئابی ١٩٢٢دا یەکەم‌ژمارەی رۆژنامەی بانگی کوردستان لە سلیمانی لەلایەن‌حاجی مستەفا پاشاوە بڵاو کرایەوە .

رووراوە عەرەبیکان

لە ٢٧ی تەمموزی ١٩٥٨دادەستوری ئاسایی عیراقی بڵاو کرایەوە .

لە ٢٩ی تەمموزی ١٩٣٨دامیری وەدەست هێنانی نەوتی بەسرەی دابە کۆمپانیایەك بەسودی ٤ شلن رێزین لە یەك تەن .

لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٦٨دابو بزاردنی شورشی ١٧ی تەمموز راپەریتیك رووی‌دا .

لە ٢ی ئابی ١٨٤٩دادامەزرێنەری دەولەتی میسر (محمد علی پاشا) کۆچی‌دوایی کرد .

لە ٢٧ی تەمموزی ١٧٩٤داخەتیبی شۆرشی فەرەنسی (رۆبسپیر) لە سێدارەدرا .

رووراوە جیهانیکان

لە ٢٨ی تەمموزی ١٩٧٣دافیستقالی دەهەمی لاوان‌و قوتابیان لە (بەرلین) دەستی پێ‌کرد ، ٢٥٠ نوێنە ری عیراق بەشداریان تیادا کرد .

لە ٣١ی تەمموزی ١٩٠٨دابادن باول بزوتنەوەی دیدەوانی دامەزراند .

لە ٢ی ئابی ١٨٩١دا پارتی کومیونیستی بولغاری دامەزرا .

لە ٢ی ئابی ١٩١٤داسەفەربەرلك بەم دروشمە لە لەلایەن دەولەتی عوسمانی‌یەوەجاپدا (اسکر اولانلز سلاح باشنە) واتە : ئەوی سەربازە باچەك هەلگرێت .

قەلاچۆ کردنی مێشولەی لەرزووتا

لە کۆتایی ئەم مانگەوە لەپارێزگاکانی کوردستان‌دا هەرەوزێکی فراوان پێك‌ئەهێنرێت بۆ قەلاچۆ کردنی مێشولەی لە رزووتا ، بۆ لەناوبردنی نەخۆشی لەرزووتا لەو ناوچانەدا ، وەبەدەم قەلاچۆکردنی مێشوولەوە ، دەست ئەکرێت بە وەرگرتنی ئەشیعەی‌خەلکی ناوچەکە .

بۆ ئەم مەبەستە لە رۆژی‌شەممەی رێکەوتی ٢٠ی ئەم مانگەوە چەند تیمێك بەهەمووکەرەسەیەکی تەواوی ئەو مەبەستەوە رویان کردۆتەکوردستان بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی ئەوکارە ..

ماوەی ئەو هەرەوزە (٤٥)چل پێنج رۆژی بۆدانراوە ، وە (٣٠٠) سێ‌سەد دکتۆروشارەزاو کرێکار بەشداری تیادا ئەکەن .. ئاگادارێك لەوەزارتی‌تەندروستی رایگەیاندووە کە لە کوردستان چەند لیژنەیەك پێك هێنراوە بۆ سەرپەرشتی‌کردنی ئەو هەرەوزەو ٤٠٪ بودجەی قەلاچۆ کردنی لەرزووتا بۆ ناوچەی کوردستان دانراوە .

کردنەوەی (١٢) کۆڕی تەندروستی

دەستەی رێ نیشاندانی ئەنجومەنی هێلکێشان قایل‌بووە کە ١٢ کۆری تەندروستی لە قەزاو ناحیەکانی پارێزگای بەسرەو نەینەواو دیالەو کرکوك‌و میسان‌و ئەنبار دهۆك‌و کربلاءو واسطدا بکرێتەوە ، بۆ ئەم نیاەزش ٢٦٦ هەزار دیناری تەرخان کردووە .

وە قایلیش بووە کە چەند کۆرێکی لاوان لە قەزاو ناحی‌یەی پارێزگاکانی وڵات بکرێتەوە بۆ ئەم کارەش ٥٠٠ هەزار دیناری تەرخان کردووە ، وە وەزارەتی ئشغال‌و ئسکانیشی سەرپشك خستووە بۆ جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەو خەرج کردنی پارە تێایدا ..

ڕێگای نێوان باقوبەو شارەبان

وەزارەتی اشغال‌و اسکان لە سەرەتای ئەم مانگەوە دەستی کردوو بە چاك‌کردنی جادەکەی نێوان باقوبەو شارەبان ، کە درێژی ئەو جادەیە دەوروبەری ٤٤ کیلومەترەیە ، وە (٩٠٠) نۆسەد هەزار دیناری بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەو کارە داناوە .

وەزارەتی ناوبراو ٦٥٠ هەزار دیناریشی داناوە بۆ کردنەوەی رێگایەکی نوێ لە نیوان قادسیەو مشخابدا . ئەم پرۆژەیە دوای چەند رۆژێك دەستی پێ ئەکرێت ..

پێشانگاکەی هەولێر

بەبۆنەی یادی بیرەوەری شۆرشەکانی تەمۆزەوە لە زیرچاودیری بەرێز پارێزگاری هەولێردا ، لە هۆلی قوتابخانەی ئەیوبیەی کچان پیشانگایەیەکی هونەری رێك‌خرا ئەم هونەرمەندانە بەشداریان تیادا کردووە ئەحمەد محەمەد صالح ، ئەسکەندەر عوسمان ، ئازاد کەمال ، دارا محەمەد علی ، حیکمەت عەبدولقادر ، کەمال عەلی محەمەد ، موحسن ئەمین ، لەگەڵ زۆر هونەر مەندی نرا ، ئەوهونەرمەندانە (٥١) تابلویان لە پێشانگاکەیان‌دا نیشان دابوو .

هیوا مان وایە ئەمە هەنگاوێك بێت بۆ بەرەو پێشچوونێکی زیاتر بۆ خزمەت کوزاری هونەری کوردیمان .

لە پەیامنیری هاوکاری‌یەوە (هەولێر)

٣٣ ملیون دینار بۆ پرۆژەی کشت‌وکاڵ

وەزارەتی (ری) ٣٣ ملیون‌و ٨٨٧ هەزار دینار لە پرۆگرامی بەرهەم هێنانی ئێستایدا داناوە بۆ جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەی ئاودێری روباری دیجلە‌و فورات .

ئاگادارێکی وەزارەتی ناوبراو وتوویەتی .. ئەو زەوی‌و زارەی ئەم پرۆژەیە ئەیگرێتەوە خۆی ئەدات لە ٢٧ ملیون مەشارە زەوی‌وزار ، ٢٠ ملیون مەشارەی ئەو زەویوزارە ئەکەوێتە سەر روباری دیجلەو ئەوی تری ئەکەوێتە سەر روباری فورات .

هەمان سەرچاوە وتویەتی . ١٧ ملیون‌و ٣٠٧ هەزار دینار دانراوە بۆ پرۆژەکانی ئیستاکە ئیشیان لەسەر ئەکرێت وەك پرۆژەی ئاودێری ئیسحاقی‌و کەلەکی یاسین آغاو چاك کردنی زەوی وزارەکانی سەرەوەو ناوچەکانی ناوەراستی پارێزگای دیالە .

هەروەها ئەو پرۆژەیە چاك‌کردنی زەوی‌و زارەکانی ناوچەی دەلەچ‌ودوجەیلەو حلەو دیوانیەو کەفەل ئەگرێتەوە ..

سەرەرای ئەمانەش دەست ئەکرێت بەچاك کردن‌و پەرەپیدانی ئاودێری ئەسکەندەریەو محاویل حسینی‌یەو بەنی‌حەسەن‌و ناوچەی شەتی تریش لەسەر روباری فوراتە .

عەرەب‌و مەندەلی‌و ئەو زەوی‌وزارانەی ئەکەونە نێوان دیالەو کوتەوە .

لەگەڵ ئەوپرۆژانەش‌دا ١٦ ملیون‌و ٥٨٠ هەزار دینار دانراوە بۆ چەند پرۆژەیەکی ئاودێری نوێ‌ی ناوچەکانی پارێزگای کەرکوك وغەراف لەگەڵ شەترەو رومیسەدا .

ئەوەی شایانی باسە پرۆژە ئاودێرێکانی ئێستاکە خۆی ئەدات لە ١٤ ملیون‌و ٥٠٠ هەزار مەشارە لەو زەوی‌وزارانە ٨ ملیون‌و ٥٠٠ هەزار مەشارەی لەسەر روباری دیجلەیەو ئەوی تریش لەسەر روباری فوراتە .

پێویستی وڵات لەکەرەسەی بەنایی

رۆژی دووشەممەی رێکەوتی ٢٢ی ئەم مانگە لە وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەك پێك هاتووە بۆ لێکولینەوەی پێویستیکانی وڵات لە کەرەسەو کەل‌وپەلی بەنایی‌دا ، وە بۆ دانانی پلانیك کە بگونجێت لە گەڵ بوو ژاندنەوەی وڵات لە مەیدانی ئاوەدانیدا ..

بەپێی ئەو راپۆرتەی دایرە هونەرەکان ئامادەیان کردووە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ وڵات لەساڵیکا پێویستی بە دووهەزار ملیون‌و ٦٨٠ خشتی سوور ئەبێت ،وە ئێستا وزەی بەرهەمی کارگەکانی هەردووبەرەی تایبەتی وگشتی خۆی‌ئەدات لە هەزار ملیون‌و ٤٠٤ هەزار خشت ، وە وزەی ئەو پرۆژانەی بەدەستەوەیەو خەریکی جێ‌بەجێ‌کردنی خۆیان ئەدەن لە ٥٣٩ ملیون خشت ، وە وایان لێ‌چاوەڕوان ئەکرێت کە لە ساڵی ١٩٧٦ دا بکەونە ئیش‌کردن بەوە وزەی بەرهەم هینان ئەگاتە ٧١٦ ملیون خشت .

وە دەربارەی پیشەسازی کەرەسەی بەنایی دەزگای گشتی نەخشەکێشان‌و بنیاتنانی پیشەسازی لێکولینەوەیەکی ئامادەکردووە بۆ دامەزراندنی (١٠) دە کارگەی گەچ دروست کردن لەسەراسەی وڵات‌دا .

وەزەی بەرهەم هێنانی هەریەکی لەو کارگانە ساڵی خۆی ئەدات لە (٦٠) شەست هەزار تەن گەچ ، وە وا لە قەلەم دراوە کە ساڵی ١٩٨٠ وڵات پێویستی بە ملیونێك‌و ٣٦٩ هەزار تەن گەچ‌ئەبێت .

ئامادەکردنی - فەهمی قەرەداغی

دوورۆژ پێش کۆچی دوایی خوان دومینجو پیرۆن خاتو ماریا ئیستیلا مارتینیز کرا بەسەرۆکی کۆماری ئەرجەنتین .. ئەگەرچی ئەم پایەیەی وەرگرتوە تەنیا لەسەر خواستی پیرۆنیەکانە وە لەخۆشەویستیان‌و دلسۆزی یانە بۆپیرۆن وبنچینەیەکی پتەوی سیاسی‌و کۆمەلایەتی نیە بەلام سەبارەت بەوەی یەکەم ئافرەتە ئەبێتە سەرۆك کۆمار بایەخێکی تایبەتی هەیە .. ماریا ئیستیلا مارتینز کە بەئیزابیلیتا ناسراوە لەشوباتی ١٩٣١ دا لەناوچەی (راپوا) لەئەرجەنتین هاتۆتە دنیاوە .. ئەوناوچەیە هەژارترین ناوچەی ئەو وولاتەیە ، باوکی فەرمانبەرێکی بچووك‌و یو موچەکەی بەشی پێویستیەکانی رۆژانەی نەئەکرد چجای خەرجی خویندن بۆ ماریا. ناچار ماریا قۆلی زۆران بازی لێ هەلکرد لەگەڵ زروفی نالەبارو پرتەنگ‌و چەلەمەی ژیانی ، توانی پارەو پولی پێویست بۆخەرجی فێربوونی بالیە پەیدابکات وە تابوو بەسەماکەریکی ناسراوی بالیە لەمەدرید پایتەختی ئیسپانیادا .

لەساڵی ١٩٥٦ دا بەرێکەوت پیرون بەسەردانێکی چەندرۆژی ئەچێ بۆ مەدرید لەیەکی لەنمایشەکانی بالیەدا چاوی ئەکەوێ بەماریا .. دلی ئەیگرێ .. چەپکەگولێکی پێشکەش ئەکا وەداوای لێ‌ئەکات ببێتە سکرتێری خۆی بۆدەرکردنی کتێبێکی نوێ . بۆ یەکەمجار کەماریا چو بۆمالی پیرون .. لەوساکەوە لەدلی خۆی‌دا بریاری داهەرگیز پیرۆن بەجێ نەهێڵی ئینجا ئەگەر لە خۆشەویستیەکی راستەقینەوە بووبێت یان لەبەر ئەودەنگ‌و باوەو پایەی پیرۆن بووبێت . بەلام مانەوە لەتەك پیرۆن‌دا شتێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو چونکە ئەبوایە وازی لەسەما کردن بهێنایە .. وەهەر وەها وازی لەنیشتەجێی بهینایەوە .. بکەوتایە گەران لەگەڵ پیرۆن‌دا .. وازم لەم دووشتە هێنا .. دوای پیرۆن کەوت لەمەدریدە وە بۆ پەنەما ،

بڕوانە ل -٧-

تەرخان کردنی زەوی بۆ پرۆژەی شەکر

وەزارەتی پیشەسازی داوای لەئەنجومەنی بالای کشت‌وکاڵ کردووە ، کە ٤٥ هەزار دۆنم زەوی دەستنیشان‌کان بۆ ئەوسێ پرۆژەی شەکرەی نیازوایە لە پارێزگای واسط ومیسان‌دا بکرێت .

ئەوەی‌شایانی باسە وەزارەتی پیشەسازی لەم دوای‌یەدا لێکۆلینەوەیەکی ئامادە کردووە

بڕوانە ل -٧-

وەزارەتی پیشەسازی بۆ کشت‌و کاڵی چەوەندەری شەکر دەستئەدەن بەتایبەتی ئەو جێگایانەی نزیکن لە پرۆژەکانەوە ، هەتاوەکو بەزووترین کات جێ‌بەجێ بکرێن .

مەبەستیش لەم داواکاری‌یە ئەوەیە کە لایەنە کشت‌وکالیکان بکەونە تاقی‌کردنەوەی ئەوزەوی

لە گوڵشەنی شیعری نازم حیکمەت دا

نازم حیکمەت

محمود زامدار

لە بارەی سـەدەی بیستەمەوە !

— خۆشەویستەکەم :
با هەر لە ئێستاوە بخەوین ،
دوای سەد ساڵی تر بێدار ببینەوە ٠
— نەء ، ئەم چاخە من ناترسێنی
من نابەزم
ئەم چاخە دەورەی من ، چاو لە بەریا شەرم ئەگاو هەڵنایێ
ئەم چاخە دلێرەی من ، سەرازادو قارەمانە
رۆژێ لە رۆژان پەنجەی پەشیمانیم نەگازتوە
چونکە لە هیکرا هاتمە ئێو ئەم چاخا ٠٠ ئەء
من لە رۆڵەکانی سەدەی بیستەمم ،
زۆر سەربەرزو شادمانم بەمراستی یە ،
بۆ منێك بەسە کە لە مرۆڤەکانۆ سەدەی بیستەمبم
لەتەك ئەو مەردانەی کە من لە کەلیانام ،
لە پێناو جیهانێکی تازەدا بیجەنگم
— دوای سەد ساڵ ، ئەی خۆشەویستەکەم
— نەء ٠٠ زووتر ، دەسەرباری هەمو شتێکیش
دوا رۆژەکانی ئەم سەدەی بیستەمە ، زۆر بەنگین و پاراوئەبێ ،
« گزنگی بەربەیان ، پەردەی رەش کاری شـەوە
سامناکەکەمو نجرو نجرِ ئەکا »
وەك دوو چاوانی تۆ ، ئەی خۆشەویستەکەم
مەزنو پڕ لە هەناوو جوان ئەبێت ٠

× ×

چەند پارچە شیعرێکی شەوی ٩ ـ ١٠

جوانترین زەریا ، ئەو زەریایەیە کە تا ئەمڕۆ نەمان دیوە ،
جوانترین منال ، ئەو منـاڵەیە ، کە هێشـتا بەژنی دەرنەکردوە ،
جوانترین رۆژانی ژیانمان ، ئەو رۆژانەیە کە تا ئێستا نەژیاوین ،
جوانترین قسەیەکم ، ئەو گوفتارەیە کە تائێستا نـەم درکاندوە ٠٠٠

× ×

هەڵتروشکامو سەیری خاکم ئەکرد
سەیری گیاو گوڵم ئەکرد
سەیری زیندەوەرم ئەکرد
سەیری ، لقو گەڵا سەوزەکانم ئەکرد ،
کە گوڵێك دەرئەکا ، نەك وەك گوڵانبێ ٠
سەیری تۆ ئەکەم ، ئەی نازدارەکەم
ئەی ئەو کەسەی لە بەهارا ، لە خاك ئەکەیت ٠
لەسەر مازەی پشت پاڵم داو سەیری کاکەشانم کـرد ،
گەڵای درەخت و بالندەی هەڵفڕیوی (قوو)م دی ،
کەچی هەرتۆم لە خەیاڵی ، ئەی نازدارەکەم
ئەی ئەو کەسەی لە وەرزی بەهارا ، لە ئاسمان ئەکەیت
لە شەوی بیابانما ، ئاگرۆکەیەکم داگیرساند ،
دەستم لە ئاگر خشاند
دەستم لە ئاو خشـاند
دەستم لە زیوو خشاند
دەستم لە ئارمووش خشاند
دەستم لە لەشی تۆ خشاند ، ئەی نازدارەکەم
ئەی ئەوکەسەی ، لە نیڵەنیڵی ئاگرێکی ژێر هەسارەکان ئەکـەیت ٠
ئەو کەسانەی کە من سەربەوانم ، خۆشم ئەوێن ،
خەڵکم خۆش ئەوێ
کارم خۆش ئەوێ
تێرامانم خۆش ئەوێ
مڵملانێیم خۆش ئەوێ ، ئەی نازدارەکەم
تۆ ئەی مرۆڤە سەرازادەکەی نێـو جەنگەی مڵملانێو جەنگم !

× ×

سەعات بیست و یەکە ،
گۆرەپانەکە ، گەمارۆ دراوە ،
دەرگای خەونگاکان لە رووی هەمو مرۆڤێ ، خڕ داخراوە ٠
ئەمجارەیان ، گرتنم تۆزێ درێژەی کێشا ، هەشـت ساڵ گیرام ٠
بەڵام ژیان ، زۆر بەرگوشادو بەنیازە
ژیان زۆر شمیرینو رو بە پێکەنینە ، ئەی نازدارەکەم

× ×

یادکردنی تۆ ، شتێکی زۆر جوانە ،
شتێکی یەجگار دڵرفێنەو پڕ لە هیوا ،
وەك جوانترین دەنگەکانی دونیا ،
وەك گوێ شل کردن بۆ ناسکترین گۆرانی ،
بەڵام تەنیا هیوا ، تینوێتیم ناشکێنیو بەسم ناکا
لەمەودوا من نامەوێ ، گوێ لە گۆرانیەکان بگرم
ئیتر ، ئەمەوێ خۆم گۆرانی بڵێم ٠٠
من پاشگەز نیم ،
تەنیا ـ بۆ تاقە شەوێکی هاوین نەبێ ـ کە لە ژیانما رابورد ،
ئەم دوو چاوە شینانەی من ،
تا دوا تروسکە روناکی تێدابێت ، موژدەو نوقڵانـەی رۆژانی داهاتوت ئەداتێ ، « شانەی پڕ لـە هەنگوێن »
ئەو چاوانەی تۆیە ، کەلێواو لێون لە هەتاو ، ئـەم دووچاوانەی تۆ ، ئەی نازدارەکەم ،
ئەبێ بە خـۆڵ
بەڵام هەنگوێن ، هەمیشەو پەیتاپەیتا ، شـانەکانی تر پڕ ئەکات

× ×

گەشتەکە تەواوبوو ، رۆژێ لە رۆژان سروشتی دایکمان پێمان ئەڵێ :
« کاتی پێکەنین وسەروسۆراخ تەواو ، ئەی رۆڵەکانم »
چەلێکی تر ، بێ سنورو بێ پایان ، ژیان دەس پێ ئەکاتەوە
چ خەوبینینی تیایە ، چ قسە و چ سەروسۆراخ ٠

× ×

ئاخ ! ئەی نازدارەکەم ،
ئەفینی تۆ ، لە جوانی رۆژێکی گەش ودرەخشـاوی زستان ئەکا ،
لەخرچەی سێوێکی شین کاری ژێر ددانو
لە هەناسەیەکی قوولی نێو جەنگەلسـتانی دار کاژە سایەدارەکان ، ئەکا ٠

×

(دڵەکەی من)

پانزە زام لە سینەم دایە ،
پانزە نیزەی دەسك رەش ، چەقیوەتە سینەم ،
بەڵام دڵم هەر لێ ئەدا ،
دڵم هەر لێ ئەدا ، لێ ئەدا ، لێ ئەدا وایێ ئەدا ٠٠
پانزە زام لە سینەم دایە ،
ئاوە رەشەکان
وەك رەشەماری خشۆك لەلەشم دەئاڵێن ٠
پانزە زام لەسینەم دایە ،
زەریای رەش ، ئەیەوێ بم خنکێنی
ئاوەرەشو خوێناویەکە ، ئەیەوێ بم خنکێنی
پانزە نیزەی دەسك رەش ،
لەسەر سینەم چەقیوە ،
دڵم هەر لێ ئەدا ٠٠ لێ ئەدا وایێ ئەداو لێ ئەدا ٠٠
پانزە زام لە سینەم دایە
پانزە کون لە سینەم دایە ٠٠
وایان زانی ، دڵم ئەوەستێ ودانەکەوێ
بەڵام دڵم هەر لێ ئەداو ئەداو ئەداو ، هەر لێ ئەدا ٠
لەپانزە زامەکانمەوە
پانزە چراوگ هەڵایسا
لەسەر سینەمدا ، پانزە نیزەی دەسك رەش تێك شکا ،
دڵیشم ، وەك بەیداخێ
هەر ئەلەرێتەوە و هەر لێ ئەداو لێ ئەداو لێ ئەدا ٠

× ×

وەکو کەریم

« کەریم : قارەمانێکی ئەفسانەیی یە ، ویسـتی دوگمەی سوخمەی خۆشەویستەکەی بکاتەوە ٠٠٠ کـەچی

بڕوانە ل ـ٧ـ

فۆلکلۆری منداڵان

شێزاد عەبدالرحمن نانەکەلی

چەند ئەوەندەی فۆلکلۆرو لق و پۆپەکانی شیرینە ، دەقات ئەوەنـدە ، بەدەم ئاوازی دڵ فڕێنی جوانکیلەی منداڵانی کوردا تەڕو پاراوترە ٠ هەردەگەڵ بیستنی ئـەم گۆرانیو ئاوازە ناسکانەدا ، مرۆڤ تەڵـە ناسکەکانی هەستی دەجووڵێو دەکەوێتە دونیای خۆلەبیرچوونەوە ، بێ گومان ئەمیش لە ئەنجامی ڕمڵو نوقڵانە بوونی واقعی ئەو بەسەرهاتە کاریگەرانـەو کارتێ کردنی لەدەروونی مرۆڤدا ٠ هەڵبەت (فۆلکلۆرێ منداڵانە) چەنـدەها بەشی ڕەنگینی لێ دەبێتەوە ، وەك ـ چیرۆك ـ و ـ ئەفسانە ـ و ـ گۆرانی ـ و ـ یاری ـ ، دەگەڵ چەشـنەها بەشی ڕازاوەی تر ، کە هەریەکەیان دونیایەکی تایبـەتیەو ، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی مەوزوعی هەیە ، هەر ئەوەندەو لێرەدا ٠٠ سەرەنا لەمەڕ شیعری فۆلکلـۆری گۆرانی منداڵانە دەدوێین ٠

ئەوەی پێویستە بووترێ ئەوەیە ، کـە زۆربەی هەرەزۆری ئەم گۆرانی یانە ، سەرجەم شان بەشانی ئەو یاریانە گووتراون و چەکەرەیان کردووە ، کـە لەدێر زەمانەوە ، لەنێو منداڵانی کوردا باو بوون ، وەك : (قوومەت قوومەتانێ ـ سروتام برژام ـ کلاو پشتانێ ـ حنـدر حۆپانێ ـ مۆری مۆریانێ ـ پێنجوکانێ ـ شەڕەبەفرانێ هەلی کسە ـ بووك بووکانێ ـ شەو بەرات ـ هەدگ دگە ـ حێلانی ـ هۆپ هۆپ ـ هەلوور بەلوور ـ مامە سوورە ـ ئاخچی و بۆخچی ـ هاتم هاتم ـ) هەروەها زۆرەها یاری تریش ٠٠٠

بێ گومان نابێ نکولی لەوە بکرێت کە زۆربەی ئەم گۆرانی یانە ، لەناوچـەیەکەوە ـ بۆ ناوچـەیەکی تر دەگۆڕێت ، بەپێی گوزەران و سرووشتی ناوچەکە ٠

— ئەمەش وەك نموونەی دڵۆپێکە لەدەریایەکی فرەوان دا وەمشتێکە لە خەروارێ ٠

هەتورگ ، تورگ ، تورگ
تووڕگی ماری ، شەمشوونی
شەمشوونی پووڕە فـاتێ
بردیـان لـۆ قـەراتێ
قەراتی پەنگینـ دەکەم
گورگ و ڕبوی دەردەکـەم ٠
ڕێی گورگی من ، سـماقە
بە مریشـکێ واقە ، واقە
مریشکی من چـەند جـوانە
بە پۆپیتـەو نیشـانە ٠
ڕۆژەك بەفـرو باران بوو
ڕەسوڵێ خوای مێـوان بوو
لـەژنێ دەردو بـەرا بوو
لەکوڕێ سەرو سـەفا بوو ٠

× ×

هەبەینە ، بەینـە ، بەینە
ئەوڕۆ بووکان ، دەبەینـە
زاوا بەبـانی کـەوی
گوللە بەڕانی کـەوی ٠
مانگەشـەوە ، تەقـرەی دەوە
جۆن لەعیسان ، چاو لەخەوە ٠
گازی بینن ٠ بی تورکێنن ٠٠
بووك منداره ، مەی ترسێنن ٠

× ×

— لەمنداره کم پرسی ، لەوگونەدی چ هەرایە
— شایی و دۆرو زوڕنـایە ،
— لاوە چـت لێ قەومایە
— دەورەی مارم گیـرایە
تیرەك لەجەرگم دایـە
جەرگ و درم ، نەمایـە ٠

× ×

هەلوور ، پەلوور ، تەکامە ،
زەردو ، سوورو ، شـەمامە
نارنجە ، بڕیارنجە ، سلێمانی قنجە ،
مێخم کووتی ، مێخ هەڵبەزی
تیکەی ڕاستم ، ئەمەی گەزی ٠
هەیاران و مەیاران
یاخوا بکاتە باران ـ لۆ فەقیرو هەژاران ٠
مارە بەقووم ـ قوموو کێ ٠٠
تێی دایـە ، بـز ـ بزۆکێ
بزبزۆکم ـ باوی یـە
دوو بڕۆی لە سـەرچاویـە
چـی لەو بڕۆیانـە بکـەم
ماری مێردی ، لـێ بکـەم
ماری مێردی ، خـراپ بی
دەرگۆرەی ، پێـوەدرابی
دەر گـۆرەی ، بـەشمشێرە
تێی دایـە شێخ و مێرە
فاتـێ مەگری مەگری
پێـکرا بچینـە قـەبری
قەبـری تـەنگ و تـارە
پڕ لـە مشـك و مـارە
مشـك و مـار عـەزیایـە
خۆی لـە ڕومبـێ دایـە

بڕوانە ل ـ٧ـ

مێشکی زامدار بدەرەوە

نازاد عەبدولواحید حەوێزی

● کوڕێـك دەچیت بـۆ خوازبینی کچێك ، باوکی کچە پێی دەڵێت کوڕم شـەهادەت هەیە ؟٠ کوڕەکە لەوولامـدا دەڵێت نەخێر !
بەڵام باوکم چەند شەهادەیەکی هەیە ٠٠ باوکی کچەکە دەڵێت : شـەهادەکان چین ؟
ئەڵێت : دەفتەر نفووس ، زدی جدری ، شـەهادەی عـەدەم مەحکوومی ، جنسیەی عیراقی و ، زدی کولێرا ٠٠!!

* *

● حاکم : کوڕە ئـەو تورومبێلەت بۆدزیوە ؟
دز : بـەخوا گـەورەم تورومبێلەکە لەنزیك قەبرستانێك بوو ، منیش وام زانی خاوەنەکـەی مردووە ، بۆیـە بردم !

* *

● دراوسێی تازە : ئـەرێ ئەنگۆ ، زبل لەکوێ فڕێ دەدەن ؟
دراوسێی کۆن : بەخوا با پیاوەکەمان بێتـەوە ، بۆتان دەپرسم !

* *

● مامۆسـتا : کێ ناوی هەنـدێ گیانـەوەری بێددان دەزانی ؟
قوتابی : من دەیزانم
مامۆستا : دەبێلێ
قوتابی : داپیرمو باپیرم !!

* *

حاکم : کوڕە دەسـتت لـە گیرفانت دەربێنە ٠
دز : ئەی هـاوار ٠٠ کوڕە دەست دەخەمە گیرفانی خەڵـك ئەمگرنو دەمخەنە بەندیخانە دەست دەخـەمە گیرفانی خۆم هەر قایل نابن ، ئـەی دەست بخەمە کوێ !!

* *

پزیشك : پیویستەکورەکەت لەکارەبا بدرێت ٠
ئافرەت : جا ، بەساقەت بم ، کارەبامان نی یـە ، بەفانۆس نابی !!

* *

● کوڕ : دایە ئەوە ئـەو کتری یە ئەو گیزەگیـزەی لۆ دەکا ٠
دایك : کوڕم ، ئەوە هەموو میکرۆبە هاوار هاواریانە ٠٠!!

* *

● باوك : کوڕم کە ژنت هینا داواتم دەکەیت ؟!
کوڕ : نەخێر داواتت ناکەم ، چونکە تۆ کەژنت هینا داواتمت نەکرد !
● نەخۆش : دخۆر ئـەمن نانم پێ ناخورێ ٠
پزیشك : بەیانیان چەند نان دەخۆی ٠
نەخۆش : چوار سەموون ٠
پزیشك : ئانانانا

حەریق

مەجید نەدیم

ناوێك لە رابوردوو :

هەرچەندە « هەندێك شاعری سەردەمی کۆن » ویستویانە بچنە مەیدانی شیعرەکانی نالی‌یەوە وخۆیان واپیشان بدەن گوایا ئەتوانن یان توانیویانە شیعری وەك (نالی) بلێن و ئەوە بخەنە بەرچاو گوایە ئەو توانایەی (نالی) بویەتی لە سەلیقەو وردەکاری و مۆسیقاو مانای شیعرداو رانەوەستان بۆ قافیەو رەوانی و زاڵ بونیکی بێ هاوتاو هونەر نواندن لە شیعری کوردی‌دا وەك - حەریق دووبارە گەلێ شاعیری لێ‌هاتوو بە توانامان هەبوە وەك - سالم- (حاجی قادری کۆیی - فوءاد) کە دانیان بەم‌توانا و سەلیقەیەی (نالی)دا ناوە بەڵام لە گەل ئەوەدا کە « حەریق » لەیەکێ لەشیعرەکانیا بەرامبەر بە (نالی) ئەڵێ .. (نالی) بەو پیریە مندالی - ولەوشاعرانەیە ویستویەتی بێتە مەیدانی شیعرەکانی نالیەوە .. من زۆر بە ئاشکراو دلنیاییەوە ئەڵێم بەهیچ رەنگی شیعرەکانی « حەریق » نەی توانیوە کەشان لەشانی شیعرێکی (نالی) بدا ئەگەرچی « حەریق » شاعیرێکی زۆر چاکەو پیویستە بایەخی پێ بدرێ لە روی ئەدەبیەوە .

ئەگەر بێت باسی «حەریق» بکەین ئەڵێین « حەریق » ئەو شاعرە کلاسیکیەیە ڕێ ڕەوی شاعرانی تری کوردی‌و ئەو رۆژەی دەوروبەری گرتوەو هەر ئەو شیوەیەشی کردوە بەبنچینە بۆ ناشتنی یەکەم نەمامی شیعری لەباخچەی ئەدەبی کوردی‌دا .

- حەریق - لە سەرەتاوە .. شیعرەکانی ئەگەرچی کلاسیکیەو بریتیە لەو شیوە شیعرانەی پێش ٦٨ ساڵ باو بوون بەڵام وەك وتمان لەسەرەتاوە زۆر تەروو پاراوە وتا رادەیەك ویستویەتی کە لەجوانی - ئافرەت بوبێت یان سروشت بو بێ بدوێ وەك ئەم شیعرەی کە سەید عەلی ئەسغەر کردویە بەکۆرانی :

چاوەکەم دوێنی لەگوڵشەن
گوڵ بەعیشوە خۆی نواند
نەك نمەك گیریم بەمەرگی
تۆ قەسەم هیچ نەمدواند
بۆگوڵی رووت ماتەو
پەرچەم دەبینی بۆیە وا
مانگی نەورۆزم بەشیوەن
وەك موحەرەم خۆی نواند
باوجود ئینساف بەدەم
چاکە گولیش موشتاقتە
هەر لەشەوقی تۆیە
سەرپۆش و گریبانی دراند
هەرکەسە مەیلی
بەبیرێکەو تەریقێکی هەیە
تۆبە شوعلەی غەم (حەریقی)
واوەجاخت هەلگەراند

لاپەرە - ٦

بەڵام دوای ئەوەی کە - لە خانەقای «شیخ بورهان » ئەبێت بە مرید - دەروێش - حەریق شیعرەکانی سەرانسەر ئەگۆڕێ و خۆی‌و شیعرو نوسینی تەرخان ئەکات بۆ خزمەتی ئایین‌و ئەو ڕێگا ئایینیەی کە گرتویە .

حەریق - تواناو دەسەلاتێکی زۆری بەسەر شیعردا بوەو شیعرەکانی ناسك‌و تەرن وەك لەم شیعرە جوانەی دا پیشانمان ئەدات .

زاهرا فەرموتە وەختی
مردنت حازر دەبم
وا لەخۆشی مردنم دەمرم
دەسا ئینسافە بەس
تازە فەرموتە لەلای کەس
رازی عەشقی من مەڵێ
نەت ئەزانی دل کە کون بو
دەنگی لێ دێ وەك جەرەس
پێی بڵێین زاهد بەخیری
خۆی لەوەعزی من گەرێ
عەشقی من شوعلەو بڵێسە
وەعزی ئەو وەك خاروخەس
خاڵی سەوزە داخی سۆزە
باسی ناسۆری مەکەن
تازەدەی ئەو بێ (حەریقی)
قەد شەفای نایە بەکەس

حەریق - ناوی (صالح کوری مەلا نصراللەی زێوی‌یە) لە ناوچەی سورداش - شاخی پیرەمەگرون - شاری سلیمانی بوە بەڵام خۆیان لە بنەچەدا خەلکی ناوچەی - لهۆن - جوانرۆن - باوکی بەفەقی‌یەتی دێتە ناوچەی سورداش‌و هەر لەوێ ژن ئەهێنی‌و ئەمێنێتەوە .

رۆژی لەدایك بونی حەریق سالی ١٨٥١ و لەدێی زێوی‌یە .. لای باوکی سەرەتای خویندنی تەواوکردوە - دوایی دێتە سلێمانی لەویژە ئەچێتە قەرەداغ وبیارە بەڵام لەو ناوانە زۆر نامێنێتەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سلیمانی لای مەلا عبدالرحمنی پینجوینی ماوەیەك دەرس وەر ئەگرێ‌و دوایی ئەچێتە - موکریان - بەفەقی‌یەتی - بەڵام پاش ئەم هەمو گەران‌و تەقەلادانە ئەچێتە دەشتی هەورامان لەوێ لە (خانەقای شیخ بورهان‌ئەبێت بەدەروێش) و لەسابلاغ دەست ئەکات بەدەرس وتنەوە لە مزگەوتی سید حسن و لەم ماوەیەدا لە سابلاغ ژن ئەهێنی‌و هەر لەوێ خەریکی ڕێگای ئاینی خۆی ودەرس وتنەوە ئەبێت تا ساڵی ١٩٠٧ کە لەتەمەنی ٥٦ ساڵی‌دا کۆچی دوایی ئەکات‌و هەر لە سابلاغ ئەنێژرێ .

حەریق - بهاتایە دوا رۆژەکانی تەمەنی وەك رۆژانی سەرەتاو ناوەراستی شیعرەکانی .. گەرمو پر بایەخ بونایە دەربارەی شیعرو سروشت‌و ئافرەت‌و جوانی هیچ دور نەبوو زیرەکی‌و لێ هاتویی ئەم شاعرە گۆی هونەری لەمەیدانی شیعری‌دا نەبردایەوەو نەبوایە سەرچاوە یان نمونە بۆ هەمو شیعرێکی کلاسیکی‌ی سامانی نەتەوایەتی گەلی کوردمان .. بەڵام بەداخەوە کە ئەم لایەنە گەورەیەی بەردراو گۆیێی نەدایە حەریق لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتاوە ڕێ‌ڕەوی شیعری جوانی‌و وردو تەری بەگەرمی گرتۆتە بەر لەبەرگی کلاسیکی‌دا هەروەها بەرەئی ئەو سەردەمەو زانیاری ئەو دەمەی خۆی گەلی توانج‌و سەرزەنشتی هەیە بەرامبەر بە رۆژگار هەروەك ئەڵێت .

گەس نیە بۆ ئیستراحە
سەربنێتە سەرسەرین
گەس نیە ئاسودەبێ
پاڵوی لەخاری ئیفتراش
تالیبی ئیمساکی دەروەخت
ڕووبەڕوو هاتۆتە پێش
ساحێبی عیرفان‌و دانش
سەربەزان‌و چۆتە پاش
هەرکەسێ دەنگی شعوری
بێ شەعیرێکی هەیە
ئەبلە بێ دەنگ بۆتە ساحیب
مۆلکی شەش دانگ مەعاش

حەریق - ناوی (صالح کوری مەلا نصراللەی زێوی‌یە) لە ناوچەی سورداش - شاخی پیرەمەگرون - شاری سلیمانی بوە بەڵام خۆیان لە بنەچەدا خەلکی ناوچەی - لهۆن - جوانرۆن - باوکی بەفەقی‌یەتی دێتە ناوچەی سورداش‌و هەر لەوێ ژن ئەهێنی‌و ئەمێنێتەوە .

رۆژی لەدایك بونی حەریق سالی ١٨٥١ و لەدێی زێوی‌یە .. لای باوکی سەرەتای خویندنی تەواوکردوە - دوایی دێتە سلێمانی لەویژە ئەچێتە قەرەداغ وبیارە بەڵام لەو ناوانە زۆر نامێنێتەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سلیمانی لای مەلا عبدالرحمنی پینجوینی ماوەیەك دەرس وەر ئەگرێ‌و دوایی ئەچێتە - موکریان - بەفەقی‌یەتی - بەڵام پاش ئەم هەمو گەران‌و تەقەلادانە ئەچێتە دەشتی هەورامان لەوێ لە (خانەقای شیخ بورهان‌ئەبێت بەدەروێش) و لەسابلاغ دەست ئەکات بەدەرس وتنەوە لە مزگەوتی سید حسن و لەم ماوەیەدا لە سابلاغ ژن ئەهێنی‌و هەر لەوێ خەریکی ڕێگای ئاینی خۆی ودەرس وتنەوە ئەبێت تا ساڵی ١٩٠٧ کە لەتەمەنی ٥٦ ساڵی‌دا کۆچی دوایی ئەکات‌و هەر لە سابلاغ ئەنێژرێ .

حەریق - بهاتایە دوا رۆژەکانی تەمەنی وەك رۆژانی سەرەتاو ناوەراستی شیعرەکانی .. گەرمو پر بایەخ بونایە دەربارەی شیعرو سروشت‌و ئافرەت‌و جوانی هیچ دور نەبوو زیرەکی‌و لێ هاتویی ئەم شاعرە گۆی هونەری لەمەیدانی شیعری‌دا نەبردایەوەو نەبوایە

لەگەڵ ئیبراهیم محەمەدی هونەرمەند دا

لەدوکانێکی سەر شەقامی گۆران لەشاری سلیمانی لاوێکی باڵا بەرزی سەرماش‌و برنج لەناو بەرگی رەنگاورەنگی هەمە چەشنی ئافرەت‌و پیاودا هەڵئەسورا .. ئەگەرچی بەبەراوردنی بەلاوانی وڵاتانی تردا کاتی ئەو سەرسپیەتیەی نیە بەڵام بروای بەلاوێتی خۆی نەماوە کاتێ هەمووساتێ خۆی لەئاوێنەی دوکانەکەیدا ئەبینی بەڵکو لەئاوێنەی ژیانی کۆمەڵانی خەلکی رەنجدەرو لێقەوماودا ئەبینێ رۆژگار کاری خۆی کردوە لەسەری لەتەمەنی .. هەرچەندە بەلەقاژەش ئەکاو دڵی هەرتەرەو بەردەوام گۆرانی ئەڵێ ئەو لاوەی کە چاومان پێ کەوت هونەرمەند (ئیبراهیم محەمەدی خەیاتە) بەدەم جل بریرن‌و ئویلچی گرتن‌و پەراوە کردنەوە چەند پرسیارێکمان لێ‌کرد :

پ : ناوت چیەو کەی‌و لەکوێ هاتویتە دنیاوە ؟

و : ناوم ئیبراهیم محەمەد مستەفایە لەساڵی ١٩٣١دا لەگەرەکی گوێژە لەسلیمانی چاوم هەڵهیناوە .

پ : لەکەیەوە گۆرانی ئەلێیت ؟

و : هەر لەتەمەنی حەوت هەشت ساڵیەوە گۆرانیم وتوە وەکە گەورەتر بووم لەگەڵ تیپی مەولەوی‌و قادر دیلان‌و هەروەها کۆمەڵی هونەرە جوانەکان‌دا گۆرانیم ووتوە وە لە ئاهەنگەکانی کۆمەڵی هونەروویژەو تیپی مۆسیقای سلیمانی‌دا بەشداریم کردوە . وەلە ساڵی ١٩٥٩ دا بەشداریم کردوە لە ئاهەنگەکانی شاری « ئینەنا » .. وە تا ئێستاش بەردەوامم لە پێشکەش کردنی گۆرانی‌دا بەتایبەتی لەسەر تەلەفزیون .

پ : تا ئێستا چەند گۆرانیت ووتوەو ناوی هەندیکیانمان پێ بڵێ .. ؟

و : تەنیا گۆرانیم نەووتوە بەڵکو سرودی کۆمەڵایەتی‌و نیشتمانیشم ووتوە لەو سرودانە : « خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم ، یەڵلا ئیستعماری کەر ، میللەتی عراق ، هەلپەرین .. » وە لەو گۆرانیانەی ووتوومە : « بۆ رەنجەرۆت »کردووم ،پەشیمانی تۆجوانتری لەگوڵ ، ست بۆلێم تۆراوی » وە ئەمانەشم لەسەر تەلەفزیون تۆمار کردوە: « لەژێر ئاسمانی شینا ،هەرمن ناشادم ، ست فاتیمە ، لەورۆژەوە دیومە سیحری ژ کەفن وەرە باژێرێ میسل جهێ زانا وتورفانایە گەلەك کەسێت بناف‌و دەنگ یێت ژێ ڕابوین ، هەرگاف یابڕبو ژ مروڤێت تێگەهشتی ژسەیدایێت دینی وشریعەتی وێ دەرسێت قورئانێ ددان ، بێ گومان ڤان سەیدا گەلەك کتێبێت دەست تۆ زەردەخەنەی تۆ ، هەروەها بۆ رەنجەرۆت کردووم دیسان لەتەلەفزیون تۆمارم کردوە » .

پ : کام گۆرانیەت زۆر بەدڵەو بۆ ؟

و : خۆم حەز بەگۆرانی مەقامات ئەکەم کە عاتیفەی ماتەمینی تیادایە چونکە سروشتی باری ناهەموارو زەردەخەنەی تۆ ، هەروەها بۆ رەنجەرۆت کردووم دیسان لەتەلەفزیون تۆمارم کردوە » .

پ : کام گۆرانیەت زۆر بەدڵەو بۆ ؟

و : خۆم حەز بەگۆرانی مەقامات ئەکەم کە عاتیفەی ماتەمینی تیادایە چونکە سروشتی باری ناهەموارو لەبەرزەوقی خەلکیە . ئینجا باپرسیارەکە نەکەم بەژێرلێوەوە خۆم گۆرانی « لەژێر ئاسمانی شینەدا ، من هەر ناشادم ، ست فاتیمە » م بەدڵە .

پ : کام هونەرمەندت بە دڵە ؟

و : لەکوردستانی عراق‌دا : طاهیر تەوفیق ، عەلی مەردان ، صالح دیلان ، قادر کابان ، عثمان علی .. لەوانەی کوردستانی ئیراندا : مەزهەری خالقی ،حەسەن زیرەك حەمەی ماملێ .

پ : چۆن لەم ووشانە دەگەی ؟

- دڵداری :- خۆشەویستی وەکو خۆراك وایە بۆ مرۆڤ.. جوانیە دل ئەیەوێ .. تەمەنی پێ درێژبێ .. تەمەنی دل .. نەك لاوێتی ..

- کوردستان :- خاکی پیرۆزمانە - بۆیە خۆشەویستە سروشتی کوردستان‌و جوانی کوردستان گۆرانیم پێ ئەڵێ . لەو جوانیەوە هەموو جوانیەك ئەبینم .

- چەوساندنەوە : موعاناتی زۆربەی خەلکی دنیایە منیش وەکو رەنجدەرێك کە هەر لەمنالیەوە بەبازووی خۆم خۆمم پێ گەیاندوە هەست بەچەوساندنەوەی خەلکی ئەکەم بۆیەگۆرانیشم بۆ چەوساوەکان وتوە ..

- خەیاتی وگۆرانی :- لەبەردەست کورتی توانای خویندنم نەبو نامیانە بەر خەیاتی .. کەبوە سەرچاوەی نانم .. بەڵام گۆرانی بە ئارەزووی خۆم بوو .. وە هەروەها بە پالپێوەنانی جەماوەر هەرچەندە سەرقاڵ بونم بەم خەیاتیە تارادەیەك دوورم ئەخاتەوە لەگۆرانی .

پ : دووا پرسیارمان ئەوەیە هیچ گۆرانی نۆیت بەدەستەوەیە ؟

و : من هەر لەخۆمەوە گۆرانی ناڵێم واتە گۆرانی دەست کردم نیە بەڵکو بەدوای‌شیعری جوان‌دا ئەگەڕێم کە بۆگۆزانی دەست‌بدا چونکە کەم دەست ئەکەوێت .. وە ئێستا عەودالی شیعرێکی وام - هەرکاتێ دەستم کەوت بێ ٣ سێ‌و دوو تۆماری ئەکەم .

تۆچ دزانی ئەوقافا میسل ژمەکتەبا

بەرسف : هژمارا کتێبێت چاپکری نوکە یاگەهشتیە (٢٠) هزار بەرگا وجڤاتەکا هاتیەپێك ئینان بسەوکاتیا دیوانا (اوقاف)ێ بو تەخمین کرنا پێدڤیاتی ئێت ڤێ مەکتەبێ ، ژ کتێبا چاپەمەنیا سەرمایەکێ ٧٥دڤی ژێ یێ ترخانکری بو ڤێ ئارمانجێ ، هژمارا دەست نڤیسا یاگەهشتیە (٤٠٠٧)ێ، لڤان دست نڤیسا دا گەلەك دەستەکێت هەین ، دبیت دەستەکەك ژڤان نافکاوێ ژ کتێبەکێ پتر تێدابن بو نمونە ئێك ژڤان دەستەکا (٢٧) نامەیە ئەم هوسا ڤێ مەکتەبێ بسەروبەر دکەین ، ئەم ناڤێ دەست نڤیسی لوێ کتێبێ دهێتە نڤیسین پشتی ئەم بو دەرکرن و بەلافکرنا (نەشرەکا) دەوری بناڤێ مەکتەبا ئەوقافا .

پسیار : کەڤنترین دەست نڤیسی لمەکتەباهەوە کیشکەو کێ دانایە ولسەر چڤەدکولیت ؟

بەرسف : کەڤنترین دەست نڤیسی لمەکتەبا مە ئەم دشێین بێژین کەڤنترین دەست نڤیسە لعیراقێ هەمییێ ، چنکی هێژ مەژوێ کەڤن‌تر نەدیتینە ، ناڤێ وێ (پالدانا زیانێت خار دنێیە) یا محمد کورێ زکریا الرازی یادانای لسالا (٣١١) هـ یا هاتیە نڤیسین جارەکادی بدەستێ محمد کورێ الحسن کورێ (زید)ی ، لسالا ٤٠٣ی هـ . ئەف دەست نڤیسە لسەر پزیشکێت گوڤارا (الرسالە الاسلامیە) هژمارا (٧٠ - ٧١) یاهەیڤا شواتێ و ئاداری لسالا ١٩٧٤ بەرپەرێ (٦٣-٦٤-٦٥ یالسەر ئاخفنی .

صدیق علی ئامێدی

ئەوقافا میسل

ژ کەفن وەرە باژێرێ میسل جهێ زانا وتورڤانایە گەلەك کەسێت بناڤ‌و دەنگ یێت ژێ ڕابوین ، هەرگاف یابڕبو ژ مروڤێت تێگەهشتی ژسەیدایێت دینی وشریعەتی وێ دەرسێت قورئانێ ددان ، بێ گومان ڤان سەیدا گەلەك کتێبێت دەست نڤیسی یێت داناین لوی دەمی کو چاپخانە لدەقەراوان دکێم بون ئات هەر نەبون ، ژ بەرڤێ چەندێ مەدیت یافەر کو چەند پسیارەکا ئەم ژ ماموستای (سالم عبدالرزاق)ی ئەمینێ مەکتەبا ئەوقافا لمیسل بکەین . ماموستا (سالم عبدالرزاق) مروڤەکێ لسەرخوبە یێ تێگە هشتی بنیاتێ زمانێ عەرەبی چاك دزانیت ، یێ شەهرەزایە دکارێ مەکتەبادا ژبەر ڤی چەندێ دێ بەرشڤێت‌و وی مەگەهیننە بنیات‌وراستیا مەکتەبێ .

پسیار : چاوا و کەنگی مەکتەبا ئەوقافا هاتەدانان لمیسل ؟

بەرسف : ئەف مەکتەبە هاتەدانان ل ساڵا ١٩٧٢ی ژلایێ (دیوانا ئەوقافێ یاگشتی ، نێزیکی (٢٠) هزار دینارا لێ هاتنە مەزاختن ، بیرا دانانا ڤێ مەکتەبی دزڤریتە بەری (٥٠) ساڵا ، مروڤێت زانا وتورڤان بانگ‌و داخازکر بو دانانا کتێبێت زانستی وهونەری وتورەیی ژی یێت تێدا هەین .

پسیار : چاوا هەوە کتێب ودەست نڤیسی کومکرن وهین پێ کولێ دکەن کو ئەو کتێبێت لدەرڤەی مەکتەبێ رزگارکەن !

بەرسف : کتێبێت ڤێ مەکتەبێ یێت هاتینە کومکرن ژ جامعاو مزگەفتا وهندەك خویندگەهەت ئولی لمیسل بژلی دیاری یێت کەسی ژلایێ هندەك زانا وتورەڤا لمیسل ئەف کومکرنە ل هەیڤا تیرمە هاسالا (١٩٧٣)ێ تەمام بو (٨)ێ شواتێ سالا ١٩٧٤ی ب ڕەسمی دەرگەهێ مەکتەبێ ڤەکر لبن چاڤدێریا سەروکێ دیوانا (ئەوقافێ) ماموستا (نافع قاسم) ئەگەرا رابینا مە بڤی کاری ئەوەدا رزگارکەین ڤی سامانێ خودان نژاد و بو خوشکرنا رێکێ لسەر ڕەوشنبیری وهزرێ .

پسیار : هوین نابینن یاپێدڤیە گوڤارەکا دەوری بهێتە دەرکرن بناڤێ مەکتەبێت گشتی لمیسل ؟

بەرسف : براستی ئەڤە پسیارەکا د جهێ خودایە ئەوا پەیوەندی بمەکتەبا مە ڤەهەبیت ئەم پشتی سەرو بەریا کارتێت فهرستێت چاپەمەنیا دکەین دێ دەستویریێ ژ سەروکاتیا دیوانا ئەوقافێ خازین دزانین کاچ تێدا هاتیەنڤیسین و چ لسەر سینگێ وێ هاتیە نڤیسین رامان ناڤ ونیشان کا چیە ، پاشی دێ ناڤێ دائەری ئان یێ ئەو کتێب ڕاڤەکری ئان ناڤێ (محشی) دگەل ناڤێ وی کەسی یێ نڤیسیەڤە دابهێتە جودا کرن (الناسخ) وجهێ نڤیسینا وی (مکان النسخ) دگەل وەصفەکا کورت ژ حالێ دەست نڤیسی ، پاشی هژمارێت پەڕا وهژمارێت ڕێزا لبەر پەرێ ئێکی هەکە پەرێت وی د بێ سەروبەربن ، یافەرەئەم ببێژین کو بەرگائێکی ژ فەهرسا دەست نڤیسا یاڤێ مەکتەبێ یادرست ئامادەیە بو چاپکرنێ پشتی ماموستا (الدکتور صالح العلی) و (الدکتور محمد صدیق‌الجیلیلی) سەروکێ جڤاتا سامانێ عەرەبی لمیسل پێشەکی بو نڤیسی ، یالبەر هزرە کو فەهرسا دەست نڤیسا ڤێ‌مەکتەبێ نێزیکی (١٠) بەرگا دێ بیت .

پسیار : ئەرێ لەکتەبا ئەوقافێ کتێبێت دینی (ئول) یێت دی ژی هەنە ؟.

بەرسف : مە دڤێت ئەم بێژین کو لڤی مەکتەبێ تنێ کتێبێت ئولی لێ نینن بەلکو کتێبێت گەلەك ئولا یێت لێ هەروەسا ڤێ مەکتەبێ ، بەلێ ڤێ داخازێ پشتەڤانی نەبو وپیتە پێ نە هاتەکرن ، حەتا ساڵا (١٩٧٢)ێ ئەف پروژا مروڤایەتیێی هاتە دامەزراندن ، ئەڤەژی دهێتە هژمارێ ژبزاڤ‌و خەباتا ماموستای (نافع قاسم)ی وی گەلەك خو وەستاند تا کو بڕیارا ڤەکرنێ دەرێخستی .

پسیار : چەند کتێبێت چاپکری وچەندێت نڤیسی لمەکتەبا ئەوقافێ هەنە ؟ وسەروبەر کرنا وان‌یاچاوایە ؟

توسینەکەت خراپە ،نووسیومانە (لەنیوەی بەدواوە بەرەوامان ئەزانی) ئیتر خۆت ئەزانی بۆ؟ ئێمە ئەگەر دەسەڵاتمان هەبایە (کۆتەڵ)مان بۆ پیرەمێرد ئەکرد .. ئەو رۆژگارەی پیرەمێردی تیادا ژیاوە لە گەل ئەمرۆدا لە هەمو رویەکەوە جیان لەیەکتری .. ئەگەر بەشی دووەمی نووسینەکەی جەنابتمان‌بڵاو بکردایەتەوە زۆر کەسمان لێ ئەرەنجا .. ئینجا بۆ ؟

● کاك ئەجدەت عەقراوی لە هەولێر :

ئەو نامانەی پێمان‌گەیشتووە وەڵاممان داوەتەوە ، ئەوانەش کە پێمان نەگەیشتوە گوناهی ئێمە نیە .

● بۆ کاك مستەفا شەوانی لە کەرکوك :

نوسراویکی تازەت گەیشت کە لە وەڵامی نوسراوێکی ترت کۆڵاویتەوە .. برام تەماشای ژمارەکانی (٢٢٢ ، ٢٢٣ ، ٢٢٤، ٢٢٥)ی هاوکاری لاپەڕەی (حەوت) بکە ، ئەگەر مەرجەکان لەگەڵ جەنابتا ئەگونجێ ئێمەش بە گەرمەوە پێشوازیت لێ ئەکەین .. بۆ ئەوەی بزانیت لە ژمارە (٢٢٥)ی ئەم وەڵامەمان داویتەوە .

پۆستەی خوێنەران

● کاك رزگار جەودەت لە هەولێر :

کاکە برا (دەردی پیری) بەو جۆرە باس ناکرێ کە جەنابت بۆی چوی!شیعرەکەتمان بە تەرازوی شیعری رەسەنی کوردی کێشا خوا وەکیل بێ هیچیان لە قالبی شیعرا دەرنەچون .. .

● کاك کەمال سەعدی :

نوسراوە دۆستانەکەتمان پێ‌گەیشت .. دەستەی نووسەران بەرامبەر بەو سلاو برایانەت ڕیزت ئەگرن .. نووسیوتە : (زۆر جار لە مەیدانی ئەدەبداگلاوم هیوادارم ئەمجارە نەگلێم ؟) .. تاقانە براکەم وابزانم چەند جارێکی تریش ئەگلێی ! بڵێ بۆ جەنابت هێشتا سەرەتای نوسینتەو کەچی لە بابەتی رەمزو رەمزکاری هەڵچویت !! جگە لەوە کە باسەکانی ، تاکەی؟ لە گەل عیراقدا لە گەڵ ڕێبازی رۆژنامەگەری ئەمرۆدا ناگونجێن .. نوسیوتە (ئەگەر باش نەبو دەسکاری بکەن) . مەگەر لە بنەڕەتەوە هەمووی بگۆرین .. ئەوە بیرم نەبوو بۆچی لەسەر هەردو دیوی قاقەزەکەت نوسیوە برا خۆ قاقەز هەرزان بووە بێینە سەر باسی نامەکەی ترتان (شاعیر لەم چەرخەدا) ... ئەوەی جەنابت داوات کردوە شاعیر دەستە پاچە ئەکات‌و ریزی ئەدەبی پێ لاواز ئەبێ .. نامەی چوارەمتان (ئەی کوڕە گەنجینە) ئەگەر وشە تورکیەکانی تیا نەبوایە باشتر لێی تێ ئەگەیشتین ! . وا ئەمجارەش گلای بەڵام گرنگ ئەوەیە ورەبەرنەدەی‌و هەڵسیتەوە تا ئەگەیتە ئامانجەکەت ..

● کاك أ . م . لە سلیمانی

نووسراوەکەتمان پێ‌گەیشت کە وەڵامی وەڵامێکمانە .. لە بارەی (ڕێبازو قوناغی ئەدەبی پیرەمیرد)ەوە ، کە وەڵاممان داویتەوە نەمان وتوە بەڵکو سرودی کۆمەڵایەتی‌و نیشتمانیشم ووتوە لەو سرودانە : « خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم ، یەڵلا ئیستعماری کەر ، میللەتی عراق ، هەلپەرین .. » وە لەو گۆرانیانەی ووتوومە : « بۆ رەنجەرۆت »کردووم ،پەشیمانی تۆجوانتری لەگوڵ ، ست بۆلێم تۆراوی » وە ئەمانەشم لەسەر تەلەفزیون تۆمار کردوە: « لەژێر ئاسمانی شینا ،هەرمن ناشادم ، ست فاتیمە ، لەورۆژەوە دیومە سیحری ... ی لەدوکانێکی سەر شەقامی گۆران لەشاری سلیمانی لاوێکی باڵا بەرزی سەرماش‌و برنج لەناو بەرگی رەنگاورەنگی هەمە چەشنی ئافرەت‌و پیاودا هەڵئەسورا .. ئەگەرچی بەبەراوردنی بەلاوانی وڵاتانی تردا کاتی ئەو سەرسپیەتیەی نیە بەڵام بروای بەلاوێتی خۆی نەماوە کاتێ هەمووساتێ خۆی لەئاوێنەی دوکانەکەیدا ئەبینی بەڵکو لەئاوێنەی ژیانی کۆمەڵانی خەلکی رەنجدەرو لێقەوماودا ئەبینێ رۆژگار کاری خۆی کردوە لەسەری لەتەمەنی .. هەرچەندە بەلەقاژەش ئەکاو دڵی هەرتەرەو بەردەوام گۆرانی ئەڵێ ئەو لاوەی کە چاومان پێ کەوت هونەرمەند (ئیبراهیم محەمەدی خەیاتە) بەدەم جل بریرن‌و ئویلچی گرتن‌و پەراوە کردنەوە چەند پرسیارێکمان لێ‌کرد :

پ : ناوت چیەو کەی‌و لەکوێ هاتویتە دنیاوە ؟

و : ناوم ئیبراهیم محەمەد مستەفایە لەساڵی ١٩٣١دا لەگەرەکی گوێژە لەسلیمانی چاوم هەڵهیناوە .

پ : لەکەیەوە گۆرانی ئەلێیت ؟

و : هەر لەتەمەنی حەوت هەشت ساڵیەوە گۆرانیم وتوە وەکە گەورەتر بووم لەگەڵ تیپی مەولەوی‌و قادر دیلان‌و هەروەها کۆمەڵی هونەرە جوانەکان‌دا گۆرانیم ووتوە وە لە ئاهەنگەکانی کۆمەڵی هونەروویژەو تیپی مۆسیقای سلیمانی‌دا بەشداریم کردوە . وەلە ساڵی ١٩٥٩ دا بەشداریم کردوە لە ئاهەنگەکانی شاری « ئینەنا » .. وە تا ئێستاش بەردەوامم لە پێشکەش کردنی گۆرانی‌دا بەتایبەتی لەسەر تەلەفزیون .

پ : تا ئێستا چەند گۆرانیت ووتوەو نناوی هەندیکیانمان پێ بڵێ .. ؟

و : تەنیا گۆرانیم نەووتوە بەڵکو سرودی کۆمەڵایەتی‌و نیشتمانیشم ووتوە لەو سرودانە : « خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم ، یەڵلا ئیستعماری کەر ، میللەتی عراق ، هەلپەرین .. » وە لەو گۆرانیانەی ووتوومە : « بۆ رەنجەرۆت »کردووم ،پەشیمانی تۆجوانتری لەگوڵ ، ست بۆلێم تۆراوی » وە ئەمانەشم لەسەر تەلەفزیون تۆمار کردوە: « لەژێر ئاسمانی شینا ،هەرمن ناشادم ، ست فاتیمە ، لەورۆژەوە دیومە سیحری جارجار بەستەش بڵێم چەوساندنەوە لەم ولاتەدا هەمیشە باڵی کێشاوە بەسەر خەلکی دا هەرچەندە زوربەی خەلکیش حەز بەگۆرانی چەپڵە ڕێزان ئەکەن .. ئەگەر ماملێ پ : چۆن لەم ووشانە دەگەی ؟

- دڵداری :- خۆشەویستی وەکو خۆراك وایە بۆ مرۆڤ.. جوانیە دل ئەیەوێ .. تەمەنی پێ درێژبێ .. تەمەنی دل .. نەك لاوێتی ..

- کوردستان :- خاکی پیرۆزمانە - بۆیە خۆشەویستە سروشتی کوردستان‌و جوانی کوردستان گۆرانیم پێ ئەڵێ . لەو جوانیەوە هەموو جوانیەك ئەبینم .

- چەوساندنەوە : موعاناتی زۆربەی خەلکی دنیایە منیش وەکو رەنجدەرێك کە هەر لەمنالیەوە بەبازووی خۆم خۆمم پێ گەیاندوە هەست بەچەوساندنەوەی خەلکی ئەکەم بۆیەگۆرانیشم بۆ چەوساوەکان وتوە ..

- خەیاتی وگۆرانی :- لەبەردەست کورتی توانای خویندنم نەبو نامیانە بەر خەیاتی .. کەبوە سەرچاوەی نانم .. بەڵام گۆرانی بە ئارەزووی خۆم بوو .. وە هەروەها بە پالپێوەنانی جەماوەر هەرچەندە سەرقاڵ بونم بەم خەیاتیە تارادەیەك دوورم ئەخاتەوە لەگۆرانی .

پ : دووا پرسیارمان ئەوەیە هیچ گۆرانی نۆیت بەدەستەوەیە ؟

و : من هەر لەخۆمەوە گۆرانی ناڵێم واتە گۆرانی دەست کردم نیە بەڵکو بەدوای‌شیعری جوان‌دا ئەگەڕێم کە بۆگۆزانی دەست‌بدا چونکە کەم دەست ئەکەوێت .. وە ئێستا عەودالی شیعرێکی وام - هەرکاتێ دەستم کەوت بێ ٣ سێ‌و دوو تۆماری ئەکەم .

پاشماوەی لە گوڵشەنی شیعری نازم

سووتاو بوو بە خۆڵەمێش »
هەوا ، وەك قورقوشم قورسە
هاوارکە ، هاوارکە ، هاوارکە ، منیش لەکەڵ تۆدام ٠
منیش هاوار ئەکەم :
راپەڕن ، بۆ تواندنەوەی قورقوشم ، دەی راپەڕن ، راپەڕن
ئەو پێم ئەڵێ : « هۆ کابرا ، تۆ ئەسوتێیت ، وەکو
(کەریم) گرت تێ بەر ئەبێو ئەبی بە خۆڵەمێش »
« حەژمەت وخەم وپەژارە زۆر بوە ، کەس ناگای
لەکەس نەماوە ، تەشـــقی ئاووهەوا قورســـە ، وەك
قورقوشم ٠٠٠ »
منیش پێی ئەڵێم :
لێم گەڕێ بابسوتێم ، وەکو کەریم بسوتێم وبیم بـــە
خۆڵەمێش من نە سووتێم ، تۆ نە سووتێی ، گەر ئێمە
نەسووتێین
چۆن لە تاریکی قەتمەرا ، روناکی ئەتەقێتەوە ؟؟
هاژوگژی با ، وەك خۆڵ ، تینگاوتینگ بووەو ئاوسە ،
هەوا وەك قورقوشم قورسە ،
هاوارکە ، هاوارکە ، هاوارکە ، منیش لەکەڵتام ،
راپەڕن ، بۆ تواندنەوەی قورقوشمەکان ، دەی راپەڕن ،
راپەڕن !!

× ×

چوار کـــەس و چوار شووشە

مێزێکی خڕ ،
چوار شووشە ،
چوار کەس ،
چوار پیالەی میدۆك نیشان ٠٠
پیالەکە عەرەقی تیایە ،
پیالەکە بۆ شە ،
پیالەکە پڕە ،
چوار کەس عەرەق ئەخۆنەوە ،
شووشەیەك بۆش بوو ، یەکێکیان گوتی :
« بەراستی لە سێدارەدان شتێکی خۆشە ، بەیانی
بەتاقەئەمرێکی من هەموشـــتێ ئەبڕێتـــەوە وکابرا
ئەخنکێنن »
سێ شووشە چك بوو ،
سێ کەس گوتی ،
سێ لێو گوتی : « ئەبێ هەر بی خنکێنین »
مێزێکی خڕ ،
چوار شووشەی بۆش ،
لەگەڵ چوار کەس ٠٠٠٠!!

× ×

پۆستەچی !!

باس وخواسی خەڵك وجیهان و وولات
باسی باڵندە ودرەخت و گورگ وبەرد ،
لەجانتای دڵما ، لە پیرە شەودابێ ، یاڵەردوگوڵی بەیان
بە خەڵك وخوای ئەگەیینم ٠٠
لەرێی شیعرەوە ، بووم بە پۆستەچی
لە منالیما ، حەزم ئەکرد ، ببم بە پۆستەچی ٠
بەڵام نەك لەرێی شیعرەوە ، بەڵکـــو پۆستەچیەکی
راستەقینە ٠
بە خامەی رەنگاورەنگ رەسمی هەزاران چەشنە وێنەی
(جۆلفیرن) وکتێبەکانی جوغرافیام ئەکێشا ،
کەسەرجەمیان ، وێنەی نازم حیکمەتی پۆستەچی بوون ٠
ئەئاوا ، لەکەڵ جانتاو هەگبەی تەتەرێدا ،
لە گزیدەی تەوەرەی باکـــورا ، بەفرمالێکم ئەڕانی ،
کەسەگێك لەسەر تاشە بەفرا ، رایئەکێشا ،
لەدەربەندی (بەهرەنگ) ئەپەڕیمەوە ،
شیئیرم فڕئەکردو نامەی سەربازەکانم دانەبەشیەوە ،
لەژێر هەورە چڵکنەی سەر بەفرەکان ،
یا لە سەر شەقامی قیرتاوکراوی ، شازەگەورەوتێـــك
قژقژاوەکان ،
لەژێر ئەستێرەی بیابانەکان ،
یا لە زستانێکی تووش وپڕلەوەیشومەدا ،
ئەگەڕام وئەسوڕام ٠٠
لەجانتاکەشما ، هەزاران مزگینی ونیازوراز ، حەشـار
درابوو
کچۆلەئیکی تاگرتوو ، لەنیوەشەوا لەدەرگانەدا
ـــ پۆستە !!
چاوەشین کارەکانی ، هەتادێ ، ئەچێنە مۆلەق
چونکە سەر لە ئێوارەی سبەینێ ، باوکی بەڕەللانەکرێ
من بووم ، لە نێو شلێوەی بەفرو بارانا ، ئەو ماڵـــەم
دۆزیەوە ،
من بووم ، ئەو (بروسکە) یەم ، گەیانده ، کچـــە
هاوسێکە ٠

× ×

لە منالیما ، حەزم لە پۆستەچیاتی ئەکرد
لە (تورکیا)دا ، پیشەی پۆســـتەچی ، زۆرگرانو
ســـەختە ،
چونکە پۆستەچی ، لە نیشتمانی روح شیرینی منا ،
چەشنەها ئازار لە (بروسکە)کان دا
چەشنەها ژانو خەم لە (نامە)کان دا
لەهەر دێرێ لە دێری نامەکانداا ، بە خەڵك ڕائەگەیینی ٠

× ×

لە منالیما ، حەزم ئەکرد ، ببم بە پۆستەچی ،
لە تەمەنی پەنجا ساڵیما ،
لە مەجەرستان ، ئەم ئارەزووەم جێبەجێکرد ،
لە جانتای منا بەهار هەیە ،
لە جانتای منا زەنگی شینی دانۆب هەیە ،
لە جانتای منا ، جریوە جریوی چۆلەکە هەیە ،
لە جانتای منا ، نامەی بۆنداری گزوگیای سەوزهەیە ،
لە جانتای منا ، وردەنامەی منالآن بۆ منالآن ، هەیە ،
هەر لە بۆ دابێستەوە بگرە ، تا مۆسکۆ ،
جانتای من بەهەشتە ،
نامەیەکی تیایە ولە سەر زەرفەکەی نوسراوە : ٠
« محمدی کوڕی نازم حیکمەت ـ تورکیا »

پاشماوەی فۆلکلۆری منالآنە

ڕومبێ هووکـــە ،هووکـــە
بردیـــان جۆتە ، بووکـــە
جۆتـــە بووکـــی مێری
بر دیـــان ، لـــۆیەخسیری
یەخسیری ، قەراتێ
ئەحمەد بەگـــم ، گاتێ
دوو دەسرۆکم داتێ
دەسرۆکی هـــەوریـــە
لە برینم ـ پێچـــیـــە
برینی گامێشێ
عەردان دەقەرێشـــێ

پاشماوەی دەربارەی ئەدەبی

کوردی)و (عبدالواحـــد نوری چەند شـــاعیرێکی تریش
کە لە ســـاڵی ١٩٤٤دا کۆچی هاتنە پێشەوە کە قورســـایی
دوایی کردوە (حسین حوزنی موکریانی ١٨٨٦ ـ ١٩٤٧) و
(شاکر فتاح) و (شیخ محمدی خاڵ)و (مەلا جمیل روژبەیانی)
بەڵام چیرۆکی هونـــەری نوێ دەرنەکەوتو شـــێوەی تازەی
ئێستەی وەرنەگرت ســـەرەرای تەقەڵای نووسینو ســـەرەتای
دەست پێکردنی ، ئەم بیست ساڵەی دوایی نەبێ ، واتە لـــە
١٩٤٠ بەدواوە چـــەند چیرۆك نووسێکی نایاب دورکـــەوتن ،
ئەکەرچی بەرهەمیشیان کەمـــە وەك (علاءالدین ســـجادی)و
(ئیبراهیم ئەحمەد) و (حسن قزلجی)و (محمـــد مەم) و
(محرم محمد امین)و (حسین عارف) و (جـــەمال عبدالقادر بابان)و (مستەفا سالح کریم)و
(مارف بەرزنجی) و (میدیا) ٠
مامۆستا (کۆران) سەرۆکی قوتابخانەی شـــیعری نوێیە
بەرەنگ و شـــەقڵی واقیعی و هونەری نوێیەوە ، هـــەروەها
ناوی چەند شاعیرێکی هاوچەرخ لەم روەوە ئەدرەوشێتەوە، وەك:
ع٠ح٠ب ، ئەحمـــەد هەردی ، محمد سالح دیلان ، کاکـــەی فەللاح ، کامەران ، عەلی دزەیی ٠

پاشماوەی جەلادەت بەدرخان

روسی ، جگەلەزمانی زکمـــاکی خۆی کەنەك هەرئەیزانی ،بەلکو وەك وتمان رێزمان و فەرهەنگیشی بۆدانا ٠
لە ســـاڵی ١٩٣٥دا میرژنی هێنا کەئەویش رەوشەن خانی کچی صالح بدرخان بوو کـــە خزمی خۆی بوو ، وەلەوەپێش لە نوسینەوەو دەرکـــردنی گۆڤارو کتێبەکانیدا یارمـــەتی ئەداو ئەویش گەلێـــك زمانی ئەزانی ٠ دوای ژن هێنـــان ، دامەزراندنی قبولکـــرد بـــە مامۆستای زمانی فەرەنسی لـــە ساڵەکانی ١٩٣٤ ـ ١٩٣٦دا ، لە ساڵی ١٩٣٩دا بوو بـــە (پستیوان ـ محامی)کومپانیا ـ یەك ، رەوشەن خانیش دامەزرا بە مامۆستا ، باری ژیانیـــان رووی کردە باشی ، تا لە ساڵی ١٩٣٨دا (سەینەم)ی کچیان و لە (١٩٣٩ دا جەمشید)ی کوڕیان بوو ٠ ئیتر هەر لەسەر تێکۆشـــان وخـــەباتی خۆی بەردەوام و سووربوو ، لەسالی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٩ خـــرایە ژێر چاودیری و (أقامەی جبریە)وەو لەساڵی ١٩٥٠دا لەگەڵ (حسین بك ا بیش) کە دەوڵەمەندێکی کورد بوو لەشام ویستیان لۆکە بچنن لـــەدێی (هیجانە) کەملکـــی حسن بەگ بوو ، بیریکی گەورەیان هەلکەنـــد بۆ ئاو دەرهێنان ، لەکاتی ئیشدا ، هیر بەسەر کرێکارە کانـــەوە وەستابوو ، لەپرێکـــدا دیواری بیرەکە هەرەسی هێناوجەلادەت بەگ کەوتە ناوی ، دوای ئەوە گویزرایـــەوە بۆ نەخۆشـــخانە بەڵام هەر لەو روژەدا کە لـــە دەست پێکردنی ئەم نوسینەدا روونمان کردەوە وەفاتی کردو لەشام نێژرا ٠

(١) ئـــەم ووتارە پیش ئاهەنگی ١٤ تمـــوز نوسراوە وبەهۆی دەرنەچونی روژنامەـ گەمان دواکەوت ٠

(هاوکاری)

پاشماوەی میشکەت زاخاو بدەرەوە

ئەبابا) بۆ پیاو بەکار دەهێنرێ یابۆ ئافرەت ٠
قوتابی : بۆ پیاو
مامۆستا : ئەی بۆ ئافرەت ٠
قوتابی : (ئەدیس ئەدایە) !
● پیـــاو : کچێ ئافرەت بەسە ، مێشکت بردم بەباسی فستان ، فستان
ئافرەت : باشە ، گیانەکەم باسی فستان ناکەم ، باســـی شەپقە دەکەین !
● باوك : کـــوڕم کوانی چاکەتەکەت ٠
کوڕ : بەخوا بابە فرۆشتم ٠
باوك : ئەی کوانێ پارەکەی٠
کوڕ : خستمە ناو گیرفانی چاکەتەکە ، ئینجا دام پێی !
● نەخۆشێك دەچیت بۆ لای پزیشك ، دوای فەحس کردن ٠
پزیشك : فەقرولەمت هەیە نەخۆش : ئەی هاوار بەحالم فەقیری گەیشتە دەمیشمەوە !!
● کابرایەك کەتنێ دەکـــاو رائەکا ، شەقامەکەش لەگەرما، جگە لە پۆلیسی هاتووچۆ کەسی تری لێ نابی ، کابرا هاواردەکا: کوڕە ئەوە بگـــرە دینارەکت دەدەمێ
پولیسەکە ووتی : ناوەللا ، ئەتوو ئەوە بگرە ئەمن دەدینارت دەدەمێ !!
● کوڕ : بابە دەهۆلـــەکم بۆبکرە ٠
باوك : ئاخر کوڕم دەترسم هەراسانمان لێ هەلگری ٠٠
کوڕ : نا بەخوا بابە هـــەتا نەنووێ ، من لێی نادەم !

* *

لە مۆسکۆدا ، هەمو ، نامەکانم بەســـەر خاوەنەکانی دابەشی ، تەنیا نامەی (محمد) نەبێ ،
چونکە ناتوانم ، بیگەیەنمە ، خاوەنەکەی ،
نابەڵکو هەتا ، ناشتوانم ، بۆیشی بنێرم ،
چونکە ، ڕێگرەکان ، ڕێگای (کوڕی نازم حیکمەت)یان گرتوەو نامەکەی پێ ناگەیەنن ٠٠٠!!

پاشماوەی : ڕاپورتیـــك

هەلیکۆپتەریان هەڵئەستاند بۆ سوتانـــدنی دەغڵو دانو خەرمانو کێڵگەی جوتیـــارانو بۆ ئەوەی گەلی ئەنگولا تووشی ئەهاتیو دوو چاری قـــاتو قڕی ببێ دوژمن ، لە چـــەكو یارمەتی وەرگرتندا پەکـــی نەئەکەوت ، بۆ نموونە پەیمانی ناتۆ تفەنگی مۆزر ـ ماوزەڕ ـو گارنالو سپرنگ خێڵـــدی ئەدایەو ئەمەریکاو فەرەنسـاو ئەڵەمانیای ڕۆژئاواش چەکـی قورسیان بۆ لەشکری پورتوگال ئەنارد ٠

ئەو چەکانەی ئێمە لەشەڕا ئەمانگرت سودێکی ئەوتـــۆی نەبوو ٠٠ چونکە کەممـــان ئەیزانی بەکاریان بهێنێو ئـــەو جۆرە چەکەش تفاقو زەخیرەو فیشەکی لای ئێمە دەســـت نەدەکەوت ٠

ئیمپریالیزمی ئەمەریکا جگە لە یارمەتیو چەكو تفاق چەنـد ئەفسەرێکی شارەزای تەرخان کردبوو کە مەشق بە سەربازە کانی ئیمپریالیزمی پورتوگـــال بکاتو ڕەگەز پەرستانـــی خواروی ئـــەفەریقاش بەهەموو جـــۆرێ هەوڵیان ئەدا کـــە ئاگری شەر لە ئەنگۆلا خۆشتر ببێ بە بیانوی پاراســـتنی سنوری ڕێژیمەکەیان بـــەڵام بەڕاستی مەبەستی ئـــەم ئەقەڵایەیان ئەوە بوو کـــە لەوە ئەترسان ئەنگـــولاو موزەمبیق ببن بە دوو بنکـــەی شورشگیری دژی هـــەردوو ڕێژیمـــی ڕەگەز پەرســـتی خواروی ئەفەریقاو ڕۆدیسیا ٠

جا بۆیە ڕەگەز پەرستانی خواروی ئەفەریقا کۆمەك بـــە ئیمپریالیزمی پورتوگال ئەکەن لە بەگژا چوونی شورشگێرانو بوردومان کردنی بنکـــەو سوتاندنی کێڵگەو دەغڵو دانو زەوی و زارماندا ٠٠ وە بۆ ئەم مەبەستەش ڕەگەز پەرستانی ئەفەریقا چەند سەربازگەیەکیان لە ئەنگولا کردۆتەوە ٠

وە لە مەیانی راگەیاندنـــدا دوژمن بە ڕۆژنامەو ئیستگەی ڕادیۆو تەلەفزیون کـــەوتـــە پروپاگەندە کردن دژی گـــەلی ئەنگۆلاو شۆڕشە ساواکەی ٠٠ ئیمپریالیزمی پورتوگال بـــە هۆی دەزگاکانی راگەیاندنـــەوە پروپاگەندەی لە دژی ئیمـــە بلاوئەکردەوەو هەوڵی ئەدا کـــە خەڵکی بترسێنێو مرۆڤی سادە بەفریوبەرێو ورەیان پـــێ بەربدات ٠

ـ ماویەتی ـ

پاشماوەی : لەخواروی ئەفەریقـــا

هۆڵانـــە دیسانەوە دابەش کراوەتەوە بەسەر سێبەشـــی تردا کە هەریەکەیان زیاتر لـــە ٣٠ هەزار کەسی تێ خـــزاوەو تەنها ٤٠ کەس لەم بەشـــانەدا شوێنی تەنیای خۆی هەیـــەو ئەوانی تـــری بەسەریەکـــدا کەوتوون ، جاری وا هەیە بـــە دووسێ کەس شوینێـــکی نووستنیان هەیە ، یاخـــود بۆ خۆیان چونکە لە تـــەواوی هۆڵەکاندا تەنها پەنجەرەیـــەك هەیەو هەریەکێك لەم هۆڵانەش تاکەیەك گلوپی تێدایە ، بـــگرە کاتیوا روو ئەدات کە چـــاو چـــاو نابینێو جولانەوەی ، **تێـــدا ناکرێت لـــە بارەی تەندروستیەوە ئەم هۆڵانـــە زۆر خراپن ، تەنانەت هیـــچ جۆرە مەرجێکی تەندروستیان تیادا نییەو بە دوو هەفتـــەش جارێك دانیشتوان مافی خـــۆ شوشتنیان پـــێ نەدراوەو ئەگەریش دراێ ئـــەوە بە دە دوانزەکەس بە جارێك ئەخزێنە پاڵ یەكو ماوەیان بۆ دانـــراوە بۆ خۆششتنو نابێ لەو ماوەیە تێ پەڕێت ٠**

خواردنو خواردەمەنی لـــەو بەندیخانانەدا زۆر کەم هەیـــەو بە شێوەیەکی ئەوتۆش پشـــت گوی خراوە کە ڕۆژنیە دوان سیانێکیان بە هۆی برسیەتیو کەم ڤیتامینیەوە لێ نەمرێت ، لە کاتێکدا کە خواردنو میـــوە بۆ پێست سپیەکانی ئـــەم ناوچانە زۆرو زەبەندەو پەکیان لە هیچ شتێك ناکەوێت ٠٠ لە ناوچەیەکی وەکو ئەلکسەندرا زیاتر لە ٦٠ هەزار پێســـت ڕەشی تێدا ئەژی کەچیهیچ کام لەمانە بەو چاوە سەیر ناکرێن کە مرۆڤن و یان مافی ژیانیان هەیە لە بچوکترینو سادەترین مافدا بێ بەری کراون کـــە ئەوەش زیاتر وایان لێ ئەکات خۆیان هەستی پێبکەنو لـــە کردەوەکانی حکومەت بگەن ٠ لە ساڵی رابردوودا هەرایـــەکی گەورە لەم شوێنانەدا بەرپا بوو کە بو بە هۆی ئـــەوەی ١٠٠ کەسی تیادا بکوژرێت ، لەگەڵ ئەم هەموو هەراو بگـــرەو بەردەیەدا حکومـــەتی ڕەگەزپەرستی خـــواروی ئەفەریقا لەسەر سیاســـەتە چەپەڵەکەی خۆی ئەرواو گوی بۆ هیچ مافێکی ئەم خەڵکە شل ناکات ٠

سەرەڕای ئەمەش ئـــەم ڕێژیمە ڕەگەز پەرســـتە بەکۆمەکی ڕێژیمی چەپەڵـــی ڕۆدیسیا هەوڵ ئەدات کـــە جولانەوەی ڕزگاریخـــوازی گەلانی ئەفەریقا لە مۆزەمبیقو ئەنگولادا بنەبڕ بکاتو دەورێکی ناجوامێرانەی لەم مەیدانـــەدا گێراوە ٠٠ بەراستی نەنگیە بۆ ئەم سەدەیە کە تاکـــو ئێستا لە زۆر شوێنی ئەفەریقا ئادەمیزاد لە بچوکترین مافـــی خۆی بێ بەشە ٠

پاشماوەی : ٤٥ هەزار

بۆ بنیات نانی سێ کارگـــەی شەکر لەوڵاتدا ، کـــە وزەی بەرهەمی هەریەکە لەو کارگانە ساڵی ٥ پێنج هەزار تەنشەکری قامیش ئەبێت ٠

وەك لێکدراوەتەوە پێویستی وڵات لە شەکر لە ساڵی ١٩٨٠دا ئەگاتە ٥٣٨ هەزارو ٣٠٠ تەن، وە لە ساڵی ١٩٨٥دا خۆی ئەدات لە ٧٠٧ هـــەزارو ٦٠٠ تـــەن شەکر ٠

وە لەو ماوەیەدا بەرهـــەمی کارگەی شەکری موسڵ و میسان خۆی ئەدات لە ٢٤٢ هەزار تەن شـــەکر بەچەوەندەرو قامیشەوە ٠٠ کە بەئاشـــکرا لە نیوانی پێویستیو بەرهەمداکەلەبەریکی تەواو دیارەو پێویســـتی بـــە گورجوو گوڵی پڕکردنەوەی هەیە

●

بۆزانـــین

دوا بەدوای بۆزانینی ژمـــارە(٢٧٠)ی بـــەرواری ٣٠-٦-١٩٧٤ بڕیارمان دا کـــە کاتی تاقی کردنەوەی دەرچـــوانی قوتابخانەی ئامادەیی بـــۆ ڕۆژی یەك شەممەی ئایندە کە ڕێکەوتی ٢٨-٧-١٩٧٤ ئـــەکات دوابخەین ٠ جا بەم بۆزانینـــە ئەو کەسانە ئاگادار ئەکەین کەداواکاریان پێشکەش کردبوو ٠

عبدالمنعم صالح الشیخلی
لەجیاتی بەریوەبەری گشتی
دەزگای هاوکاری چاپو
بلاوکردنەوەی کوردی

پاشماوەی : لە سەماکـــەری

بۆ کاراکاس ، بۆ سان‌دومنیگـــو یاریدە دەرێکی گەورەی پیـــرۆن ونیکاراگوا و وەجارێکی تر بـــۆ بوو بۆ هاتنە سەرحوکمو کردن ئیسپانیا ، تا لەساڵی ١٩٦١ دا بەسەرۆك کۆمار لـــە شوباتی کۆشکێکیان کری وماره‌ی کرد ٠ ١٩٤٦ دا بەڵام لەساڵی ١٩٥٢دا وەلەوێ مانەوە تا ساڵی ١٩٧٣ بەنەخۆشی مـــرد ، ماریاش هاتنەوە بۆ ئەرجەنتینو پیرون چاوی لەو کـــرد بەرێکەوت کرا بەسەرۆك کۆمارو پیرۆن سەروسیماشی لەو دەکات ٠٠٠ خۆی سوربوو لەسەر ئەوەی کە چاوەکانی رەشەو لیوی باریکو خاتو ماریا ببێتـــە جێگری ٠٠ تەنك قژی زیویەیە ٠٠ ئەمەیـــە وە لەسەرداوای ئەو ئەوپایەیان سەرۆك کۆماری ئیســـتای دایە ٠ ئەوەشمان بیر نەچی کە ئەرجەنتین ٠٠ بەڵام بەمەزەنەی ئیزابیلیتا سێ یەم ژنی پیرۆنە شارەزایانی باری سیاسی ئـــەو ٠٠ یەکەمیان زوو سەری‌نایەوە وولاتە ٠٠ ئەوەندە لەو پایەیەدا ٠٠ دوەمیان ئافرەتێکی لێ هاتوو نامێنێتەوە وباری سیاسی تابێت ناسراوبوو ناوی (ئیڤیتا) بوو بەرەو شێواوی ئەروا ٠

پاشماوەی : کورتەهەوال

ڕووداوەکانی ئەم دوایەیەی قبرص بۆ بەرێز جوزێف برۆز تیتوی سەرۆکی یوگوسلافیا نارد ٠

● ڕۆژی چوارشـــەممەی رابوردوو لەمەدریـــد بلاوکرایەوە کە جەنەرال فرانکو چاکتربۆتـــەوەو بەم زوانە خەستەخانە بەجێ ئەهێڵی ٠ فرانکـــۆی سەرۆکی ئیسپانیا تەمەنی ٨١ ساڵەو تووشـــی هەوکردنی دەمار ببوو ٠

● ڕۆژی ٢٣-٧ نارنجۆکێك لە کارگەی گۆگـــردی کوێت تەقیەوەو نۆ کرێکار پێکرانو زیانێـــلی ١٢٧ هەزار دۆلاری لە فابریقەکە کەوت ٠

پاشماوەی : ڕیژیمی حەبەشـــە

زوی خۆی خـــەلك ئەگرێو ئەدیس‌ئەبابا بلاوی‌کردەوە کـــە بەرەتلا ئەکاتو هیـــلاسی‌لاسی لەشکر ئەندال کاتیروی سەرەك لەنـــاو کورسی‌یەکەی بەولاژە وەزیرانی پێشوی گـــرتوە ٠٠ هیچی تری بەدەستەوە نەماوە٠ بەڵام تائێستا نەزانراوە کە ئایا جـــگە لەمەش ڕۆژی ٢٤-٧ چی بەسەر دێ ؟! رادیوی هێزی چەکدار لـــە

پاشماوەی : قبرس ٠٠

هاتنی سەرکۆمارێکی تر بـــۆ سەرکار لەقبرصو روخانـــی وەزارەتی میلیتاریستە کـــان لەیونان باری مەسەلەکـــەی بەلایەکی تردا خســـــتو ئاسۆیەکی فراوانتری لەبەردەم چارەسەرکردنی مەسەلەکـــەدا کردەوە ٠ ئەوەبوو بلند ئەجڤید سەرەك وەزیرانی ڕیژیمـــی تورکیا نامەیەکی بۆ کاراماناس ناردو پیرۆزبایی گەرانـــەوەی لێ کردو تیایدا داوای کـــرد پەیوەندی دوو قۆڵی هـــەردوو ڕیژیمی تورکیاو یونـــــان بـــگەڕێتەوە دۆخی جارانی ٠

مەکاریوس
چی بەسەر هات

بەپێی هەواڵی ئاژانســـە کانی دەنگوباس تاوەکو ئێستا دیاری نەداوە کە ئایا مەکاریوس ئەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکـــەی خۆی یان نا ٠ وە ڕۆژی ٢٤-٧ گلافکوس کلیریدس سەرۆکی نوێی قبرص لە کۆنگرەیەکـــی ڕۆژنامە نووسی‌دا دەربارەی ئەو مەسەلەیە وتی : لەبارو لـــە جێگای خۆیدا نیە کە لەم کاتەدا قەشە مەکاریوس بگەڕێتـــەوە جێگاکەی خۆی ٠ وە هاتنەوەی مەکاریوس بۆ سەرکار بەدەست گەلی قبرصەو گەل ئەم بڕیارە ئەدات ٠

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵـــەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکـــان بڕیاری‌دا کە ژمارەی ئەندامانی ئەو لەشکرەی لە ڕۆژیـــــر سەرپەرشتی ڕێکخراوەکەدان لە دوورگەکەدا پتربـــکرێ ٠٠ بڕیاریش وایە کە ژمارەی ئەو هێزە بکرێ بەدوو هەزارو ٤٠٠ سەرباز ٠

هەرچۆنێك بێت ٠٠ گـــەلی قبرص پێشتر بەخەبـــاتو تێکوشان توانی ئیمپریالیـــزم دەربەڕێنـــێو سەربەخـــۆیی دوورگـــەکەی مسۆگەر بکـــات ئیمرۆش بەتێکوشانی بێوچان ئەتوانی مەسەلەی سەربەخۆیی خۆی بەلایەکدا بخات کـــە خزمەتی بەڕژەوەندیەکـــانی بکاتو هەر نەخشەو پیلانێـــك کە لە پشت پەردەوە ئەدابنرێ گەلی قبرص مایە پوچی‌ئەکات٠

پاشماوەی : فیداکارانی فەلەســـتین

ئاژانسی (وفـــا) ئەڵێ : فیداکاران لەم هێرشانەیانـــدا سێ دەزگای گەورەی سەهیو ـ نیەکانیان کاول کردوە کـــە ئەمانەن :

● **لقێکی بانقی (هایـــو علیم) لە شەقامی الزهـــراء لەقدس ٠**

● **دەزگای ئالەکتریکـــی شـــاری ئەشدودت لەخواروی تەل ئەبیب ٠**

● **بارەگای ڕێکخـــراوی کاری سەهیونی لەشـــاری جنین ٠**

ئاژانسەکە ئەڵێ دوژمن بەو هێرشە دلێرانەیە سەرسامبوو حەبەساو چەند کەســـێکی لێ کوژراو فیداکارانیش بەسەـ لامەتی گەڕانەوە شوێنەکانیان٠

پاشماوەی : کومپانیایەکی

موبیل ئۆیـــــنەلی ئەمەریکایی هەفتەی رابوردوو بلاوی‌کردەوە کە حکومەتی میسر لەگەڵیـــا ریککەوتوە کە لە پانایی (٥٠٠) هەزار میل زەوی‌دا لەناوچـــەی خواروی‌خلیجی سویس‌وقەراخی ڕۆژئاوای دەریای ســـوردا (بحر الاحمر) بەشوێن نەوتدا بگەڕێ ٠

وەبەپێی ریککەوتنی ئـــەو کۆمپانیایەو لەگـــەڵ میسر ، کۆمپانیای مۆبیل ئویەڵ دەست بەگەڕان ئەکات بەشـــوێن نەوتداو بۆئەم کارە لە چـــوار ساڵی یەکەمدا ١١٫٥ ملیـــون دۆلارو لە ٨ ساڵی دواییـــدا ٢١٫٥ ملیون دۆلار خـــەرج ئەکاتو ئەگـــەر نەوتیشی دۆزیەوە ئەوا لەماوەی (٢٠) ساڵدا ئەبێ (٢٠) ملیون دۆلار بەمیسر بدات ٠

جینی هاوسەرو هاوڕێی گیانی بەگیانی مارکس

جینی هاوسەرو هاریی گیانی بەگیانی مارکس لەمەیدانی تێکۆشانو داهێنانو خزمەتگوزاریو ناودارییدا بەدەیان وسەدان ئافرەتانی ناودار هەن کەهەریەکێك لەوانە بەرێگایەدا توانیویانە لەلاپەرەکانی مێژووداجێگا بۆ خۆیان بکەنەوە ٠٠ یەکێك لەو ئافرەتە ناودارانەی کە ئەمانەوێت ئەم باسە گورتوسەر پێیەی دەربارە بنووسین جینی هاوسەری کارل مارکسە٠ سالی بەهەزاران کەس لەم پەڕو ئەوپەری دنیاوە بەرەوخواروی ئەلەمانیای دیموکراتی ئەچن بۆ دیدەنی خانوویەکی بچووك لە شاری سالسبتز فیدل کە لەسەر درگای دەرەوەی نووسراوە «مۆزەخانەی سەبارەت بە خێزانی مارکس» ٠-١٦٠ سال لەمەوبەر یا بەشێوەیەکی روونتر لە ١٢ی مانگی دووی سالی ١٨١٤ دا« جینی فۆن فیست فال »ی هاوسەری کارل مارکس لەوخانوەدا لەدایك بووە ٠٠٠

«لوید فیج فۆن فیست فال»ی باوکی جینی راوێژ پێکراوی شاری ، « سالتزفیدل » بووە ، بە ماوەیەکی کەم دوای لە دایك بوونی جینی ، بە ماڵەوە گوێزاویانەتەوە « تریری » لەوێ بوون بە دراوسێی خێزانی مارکس ٠

هەر چەندە « لوید فیج فۆن فیست فال »ی باوکی جینی سەر بەچینی دەرەبەگ بووە ، بەڵام بیرو باوەڕەکانی شۆڕشی فەرەنسا بە قوڵی کاری تێکردبوو ئەو بیروباوەڕە پڕ مرۆڤایەتی یەی باوکی جینی هەڵی گرتبوو، وای لێ گردبوو کە لەسەرەوشتێکی پاك و باوەڕێکی روشنی پڕ لە مرۆڤایەتی و بیرکردنەوەو زانستیەکی فراوان جینی کچی پەروەردە بکات ٠٠٠ هەروەها بیرو باوەڕو لێکدانەوەی باوکی جینی کاری کردبووە سەر کارل مارکسیش ، بۆیە مارکس لە سەرەتای ژیانیدا بەچاوێکی پڕ لە ڕێزو بایەخ پێدانەوە گوێی شل ئەکردوو ، ئامۆژگاریکانی پەسەند ئەکرد ٠

تا بەو چەشنە جینی هەر لەمندالیەوە لەسەر ژەمینەیەکیوا پەروەردە کرابوو ، کە لە دوارۆژدا ، لەتەك مارکسی میردیدا گەیشتە پلەیەکیوا لە سەرەتای بزووتنەوەی کرێکارانی ئەلەمانیادا بەیەکێك لەگرنگترین کەسانی ئەو بزووتنەوەیەدابنرێت ٠٠

« باول لافارگ »ی زاوای جینی مارکس لە یاداشتەکەیدادەربارەی جینی نووسیویەتی و ئەڵێت ٠٠ « مارکس لەژیانداهاوسەرەکەی بەهاورێی گیانی بەگیانی خۆی دائەنا ، ڕێزێکی ئێجگار گەورەی زیرەکیو بیرتیژیو زرنگی رەخنەگرانەی جینیی هاوسەری ئەگرت ،هەتا لە سالی ١٨٦٦دا مارکس وتبووشی کە هەموو دەستنووسەکانی خۆی نیشانی جینی ژنی داوەو بایەخێکی زۆریشی داوە بەو رایانەی دەربارەی ئەو نووسراوانە دەری بریوە ٠ »

بەهۆی چالاکی سیاسی مارکسەوە ، کۆنەپەرستانی ئەلەمانیا نەیان ئەهێشت لەجێگایەکدا بحەوێتەوەو سەروەت بدات بەهۆی ئەوەوە ناچار بوون دەیان ساڵ دوور ولات و دەربەدەر بژین ٠٠ تا لەو لێقەوماویەدا ،جینی ناچار ئەبوایە ماندوبێت و بۆنانی ڕۆژانەیان ئارەق بڕێژێت و ئەرکی هەڵسورانی گوزەران و بەڕێوەبردنی خێزانەکەیان بگرێتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی زەمینەیەکی لەبار بۆ کارلمارکس مێردی دروست بکات و لە کارەزانستیکانی نەکەوێت ٠

وە نەبێ جینی تەنیا بەگوزەران پەیدا کردنەوەخەریك بووبێ بەڵکو زوربەی زۆری دەست نووسەکانی میردەکەی وەك خۆی نووسیوە-تەوەو ئامادەی کردوون بۆچاپ کردن و هەر ئەویش ئەرکی لەچاپدانی بەشێکی زۆر ئەوەدەست نووسانەی خستۆتە ئەستۆی خۆیو بەو هویەوەلەگەڵ خاوەن چاپخانەکانداتووشی گەلێ گیرمەو کێشەو بگرەو بەردە بووە ٠٠٠ سەرباری ئەمانەش لە جیاتی مارکس بەشداری زۆر کۆبوونەوەی سیاسیو ئاهەنگو کۆبوونەوەی تری کردووە ٠٠ لەگەڵ ئەمانەشدا جینی مارکس لە مەیدانی ڕۆژنامە نووسیدا ،دەستێکی باڵای هەبووە ، لەزۆر پشوودا چالاکیەکی تەواویلەو مەیدانەدا نواندووە ٠٠٠

ئەم ئافرەتە دلفراوان و بەرچاوتێرە ، لەگەڵ نەدارای و دەستکورتیو هەژاری خێزانە-کەیدا هەرگیز دەستی نە ئەنابەروویی ئەو پەنابەرەسیاسیانەوەی کە ئەهاتنە لەندەن و رووبان ئەکردە ماڵی ئەوان ٠

جینی لە خەباتێکی سەخت و بێوچاندا بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەکردوو، زەمینەیەکی لەباری ئەخولقاند بۆ هاوسەرەکەی هەتا بتوانێت ئەوفەرمانەی لەسەر شانێتی بەجێی بهێنێ هەتا لە ڕۆژی دووی مانگی گانوونی یەکەمی سالی ١٨٨١دالە شاری لەندەن کۆچی دوایی کردوو ، لە قەبرستانی (هایجیت)دا نێژرا ٠

فردریك ئنگلزی هاوری خەبات و کویرەوەری کارلمارکس بەم وتانەی لەسەر کێلی گۆرەکەی جینی نووسیوە ،هەڵی سەنگاندووە ، لەونووسینەیدا ئەڵێت ٠٠٠ «ئەگەر کەسێك بووبێ بەختیاری خۆی لەخۆشیو شادمانی خەنکیدادیبێت تەنیا جینی مارکس بووە » ٠

ڕۆشن

گەوپیاوی چۆکی دانەدا

- بە بۆنەی تێپەر بوونی دوو ساڵ بەسەر شەهید کردنی غەسان کەنەفانیدا ٠
- بۆ هەرکویەکی ئەنواری تەنیا دڵدارەکەی بەدی ئەکرد ، لە دڵدارە غەمناکەکەی بەولاوە هیچ دیمەنێکی تر تەزووی شادمانیو بەختیاری بەدڵیا نە ئەهێنا ٠
- فەلەستین هەموو دنیای بوو ، یا هەموو دنیای غەسان برێتی بوو لە فەلەستین ، لەو دنیا بچووکە داگیرکراویەوە نازاری ڕەشەکانی ئەفەریقاو خەباتی گەلی فیتنام رنجی چینە چەوساوەو ڕەشو رووتەکانی دنیای هەستپی ئەکردو ، لەنازارو ڕەنجی ئەوانەوە گلپەی تێکوشانی خۆشتر ئەبوو ، خەباتی ئەوانی بە هی خۆی ئەزانیو مانای خەباتو خۆبەختکردنو لەناوبردنی ئیمپریالیزمی زیاتر بۆ روون ئەبۆوەو ئەی زانی بەلە ناوچوونی ئیمپریالیزم نەبێت ئێجگار زەحمەتە نیشتمانیکی وەك نیشتمانەکەی ژێردەست رزگاری بێت ، وەیا گەلێکی وەك گەلە چەوساوەکەی لە چەوسانەوە قوتاری بێت ٠
- باوەڕی بەوە بوو کە (نابێت مرۆڤ کرنوش بەرێت و چۆك دابدات ، چونکە ئەوەی چۆکی دادا ناتوانێت هەستێتەوە) ! ویستیان چۆکی پێدابدەن ٠٠، چۆکی دانەدا ، چۆکیان بۆ پێدانەدرا ٠٠ ویستیان لەسەر نەخشەی تێکوشان بیسڕنەوە ، ٠٠ بەومەرامو نیازەوە ئەرکێکی گرانیان خستە مل چەند کیلوغرامێك دینامێت بۆ لەناو بردنی غەسان ، هەتاوەکو پارچە پارچەی کات و بەڵکو بەمردن چۆکی پیدا بدرێت ٠٠
- ویستیان دڵی لە لیدان وخۆشەویستیو چاوی لە نوارینو مێشکی لەبیر کردنەوەو پەنجەکانی لەنووسینو مەچەکی لە کاربخەن ٠٠ کەچی کە پارچەکانی غەسانیان هەریەکە بەلایکدا بلاو کردەوە ٠٠ هەریکە وەك بنجێك ڕووانو وێنەی دارزەیتونێك سەوزبوونو هاتنەوە بەر ٠٠ هەر پارچەیەك سەرلەنوێ غەسانێکی لێ پەیدا بۆوەو ٠٠ هەرغەسانێك بەدڵیکی قایمترو گیانێکی بێسڵترو خوشەویستیەکی لە جاران ئێجگار بەتین ترەوە هاتەوەمەیدانی خەباتو خۆبەختکردن لە پێناوی سەرکەوتندا ٠ دووبارە هاتەوە لە گەڵ داستانی چۆك دانەدانو مل نەنەویندا هاتەوە ٠٠ هاتەوە ٠٠

« ئالانی »

ڕاوانی کورد لە کۆبونەوەیەکدا لە شاری بەغدا ساڵی ١٩٢٦

آ - ڕیزی ڕاوەستاو لەلای ڕاستەوە تەماشاکە ٠٠

١ - ئەمجد رفیق - کرکوك
٢ - عبدالقادر سلیمان - خانەقی
٣ - عبدالله صافی - کویە
٤ - رشید عارف - کویە
٥ - توفیق رشید بابان - خانەقی
٦ - عبدالحکیم - زاخۆ
٧ - أنور صائب - سلیمانی
٨ - محمود عبدالرحمن - هەڵەبجە ٠
١٠- مصطفی سعید - سلیمانی
١١- محمد علی حکمت - کرکوك

ب - ڕیزی ناوەڕاست ٠٠

١ - کمال حسون - کرکوك
٢ - کریم سعید - سلیمانی
٣ - نوری علی - سلیمانی
٤ - سعید قزاز - سلیمانی
٥ - علی رفیق - کرکوك
٦ - محمد فائق - هەولێر
٧ - عبدالله علی حکمت -

ج - دانیشتۆکان ٠٠

١ - نوری صالح - سلیمانی
٢ - سعید سلیم - کویە
٣ - رشید کریم - سلیمانی
٤ - عبدالرحمن محمدنورجان - کویە
٥ - رشید محمد - هەولێر
٦ - بهاءالدین قطب - کرکوك
٧ - عبدالواحد مجید - سلیمانی
٨ - عبدالله سامی - کویە

تازە ترین ئۆتومبێل

لە ژاپۆن لە قەراغ شاری تۆکیو ٠٠ لە جێگایەکی پڕ لە سەوزەگیاو دارستاندا ، زیاد لە دوو سەد کەس کۆمەڵیان بەستبوو ، بۆ بینینی تازەترین شێوەی ئۆتۆمبیل لە جیهاندا پاش ماوەیەك پشوودان خەنکە کە چوونە مەیدانی میهرەجانی ئۆتۆمبیل پیشان دانەکەوە ، هەموو چاوەڕوانی ئەوە بوون کە چەند ئۆتۆمبیلێکی وا ببینن کە هەموو ڕۆژێك دەیانبینن بەسەر جادەو شەقامەکاندا هاتو چۆ ئەکەن ٠٠٠ بەڵام پاش تۆزێك خەنکەکە واقیان وڕما ، هیچ ئۆتۆمبیلێکی ئەوتۆیان نەدی کە لەوەو پێش بەبیریاندا هاتبێ بەڵکو چەند قاوغێکی سەیر سەیریان بینی کە مەکینەی ئۆتۆمبیلی ڕاستەقینە تیادا بوو وە سەیرترینو سەر سوڕ هێنەرترین ئۆتۆمبیلیان ئەوەیان بووە کە لە وێنەی کرمی ئاوریشمدا دروست کرا بوو (وەك لە وێنەکەدا دەرکەوتووە) ٠٠ ئەوەی شایانی باسە ئەم ئۆتۆمبیلانە خێرایی هیچ کامێکیان سەعاتی لە ١٢ کیلۆمەتر تێنەپەڕێتو نرخیشی ٢٣٥ جونەیهە ٠٠

تیپێکی ئافرەتان

شاخەکانی وویی ناوچەییکی دارستانی سەرەکی یە لە خوارووی چین دایە ٠

وەرووباری جینگس تەنیا هۆیەکی دارگوێزانەوەیە ، بەڵام ئاوی ئەو رووبارە پڕە لە گێژو جگە لەوەی زۆر خوڕو بە تەووژمە ، بۆیە مەترسی زۆر تێدایە ، درێژی ئەو رووبارە کە خۆی ئەدا لە ١٨٠ کیلومەترە زیاتر لە سەد لەو گێژاوانەی تێدایە ، کە هەژدەیان پڕمەترسی یە ، جالەبەر ئەوەیە خەڵکێ ئەو زێیەی ناوناوە (رووباری جینگس) ٠

تیپی دار گوێزانەوەی ئافرەتانی سەر بە پاریزگەی جینی بە درێژایی ساڵ لە رووباری جینگسدا خەریکی ئیش کردنن ، وە ئەوان بەدڵێکی فراوانەوە لە کرێکارە شارەزا-کانەوە فێری ئیش کردن ئەبن ، بەهۆی تاقی کردنەوەو ئیش کردنیکی وریا لەو گێژاوو جیگا پڕ مەترسیو پێچو پەناو تەووژمانەدا ، بۆیە کرێکارە ئافرەتەکان لەم کارەدا سەرکەوتوون وبەرێك و پێکیو چالاکانە ئەرکی خۆیان جێبەجێ ئەکەن ٠

- احلام منصور -

خۆزگەم بە خۆی

ولیام مۆرغانیەکێکە لەوانەی بەتورەیەکەوە لیستەکە ئێجگار حەز بە تەماشاکردنی هەڵەگلۆفێت و خەریك ئەبێت یاری فوت بولین ئەکات و بیدرێنێت ٠٠ دوای خەیالێك دێت بەسەریا ٠٠ بۆچی بۆ دوا کەرەت بەختی خۆم تاقی نەکەمەوە ٠٠؟

خیرا قەڵەم دەرەهێنێت و ئەو تیپانە نیشانە ئەکات کە لەیاریدا وەك یەك ئەبن ٠٠ هەفتەی تێوەرئەسورێت ، کاك ولیام هەواڵ ئەبیستێت کە (٧٠) حەفتا هەزارو (٢٠٠) دووسەد جونەیهی ئیستەرلینی بردۆتەوە٠

ڕوابەرەمی فرەدریك ئەنگلز

* ح٠ع *

● فوبرتال : ئەدن : لە ٢٤ مانگی ڕابوردوودا لەکاتی گەڕانو پشکنیندا بەڕێککەوت لە کتێبخانەیەکی شاری (فوبراتال) لە کۆماری فیدرالی ئەڵمانیا دەستنووسێکی فرەدریك ئەنگلز دۆزرایەوە ٠ بابەتی دەستنووسەکەش بریتی یە لە شانۆگەریەك بەناونیشانی (ریینتسی) ٠٠٠ وەدەربارەی پاڵەوانی میللی ریینتسی ئەدوێ کە لە سەدەی چواردەهەم لەڕۆما ژیاوەو ژیانی لە ئوپرای ریینتسی کە لەلایەن فاگنەرەوە دانراوە ، تۆمار کراوە ٠

● شارەزایان لەو باوەڕەدان کە ئەنگلز لەتەمەنی ١٨ - ٢٠ ساڵی ئەم شانۆگەریەی نووسیوە ئاژانسی (ئەی دی ئێن) ئەڵێ، سۆسیۆلوجیستێك خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژوی کۆمەڵایەتی شاری فوبرتال بووە لەساڵی ١٨٤٨ تا ئێستا بەرێککەوت لەو کتێبخانە زانستیەدا ئەم دەستنووسەی بەرچاوو کەوتووە ٠

● وە لەسەر داخوازی پەیمانگای مارکسزم - لینیزمی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پارتی یەکگرتووی سوشیالیستی ئەلەمانیا ئەم بەرهەمە تازەیەی ئەنگلز لەگەڵ تێگرای بەرهەمەکانی تری مارکسو ئەنگلزدا چاپ بکرێت ٠

سەیرەو سەمەرە

لە چیروکیکی هیندیدا هەیە کە خۆا ژنی لەم شتانە دروست کردوە :-

ناسکی پەرەی گول ، نیگای چاوی ئاسك ، هەڵهاتنی ڕۆژ ، نەمنمی شەونم ، گورانی هەوا ، ئارامی کەروێشك، رەقی درەختو هەر ، درەندەیی شێرو پلنگ شیرینی هەنگوین ، گەرمایی ئاگر ، ساردی بەفر ، ئەوشتانە تێکەڵاوکراوە ژنی لێ هاتوتە دی ٠

- نەوزاد -